# شیعرییەتی بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن لە ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن)دا

**خەلیل ئیبراهیم مستەفا[١]، ڕێزان سالح مەولود [٢]**

[١،٢] بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شیعرییەت چەمکێکی تازەیە لە نێو بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بە بەراورد بە چەمکەکانی دیکە، هەرچەندە ڕەگو ڕیشەکەی زۆر کۆنە و بۆ ئەدەبیاتی گریکی بە تایبەتی بۆ کتێبەکەی (ئەرستۆ) (شعرییەت – Poetics) دەگەڕێتەوە, بەڵام بەمشێوە فراوانەی ئێستا نەبووە، شیعرییەت بۆ سەردەمانێکی دور و درێژ تایبەت و وابەستەی تاکە ژانرێکی ئەدەبی بو، کە ئەویش ژانری شیعرە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم توێژەران و زانایانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی گرنگیێکی زۆریان بە شیعرییەت داو بووە جێگەی چەندان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی، جگە لەوەی زاراوەکە پەلی هاویشت بۆ نێو چەندین کایەی دیکە وەک (مۆسیقا ،وێنەکێشان و هونەری بیناسازی...هتد)، هەروەها لەنێو بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا زاراوەکە دابڕێترا بەسەر زۆربەی زۆری ژانرە ئەدەبییەکان، یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی ، کە ڕۆڵ لە شیعرییەت بونی هەر دەقێکی ئەدەبیدا دەگێڕن بریتییە لە زمانی شیعری و لە نێو ئەویشدا بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتنن وەک (ناو، هاوەڵناو، کار)، کە کاریگەرییێکی ئێجگار زۆریان لەسەر ڕەنگرێژکردنی شیعرییەتی دەقی ئەدەبی هەیە ، لەم سۆنگەیەوە زمانی ڕۆمانەکانی نوسەری دیاری کورد (شێرزاد حەسەن) تژین لە شیعرییەت و بە زمانێکی شیعرییانە دەدوێ، زۆر هونەریانە مامەڵە لەگەڵ بەکاربردنی بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن دەکات لە بونیادنانی جۆرەها وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی، کە یەکێک لەو جۆرە وێنە پڕ ئیحایانەی کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر یاخود وەرگر دەشکێنێت، وێنە هاودژەکانن (الصور التنافرية – Oxymoronic Images)، کە لە بەکارهێنانی هونەریانەی بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن دەکەنەوە، جگە لەوەی ئەم تەرزە وێنانە وێنەی واتاگۆڕن و جۆرێک لە لەیەکتردورکەوتنەوە لە نێوان هەردو جەمسەری وێنەکاندا بەدیدەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نەگونجانی واتایی و بۆ دەستخستنەوەی گونجان پێویستە دەلالەتی دیکەبخوازینەوە، کە هاوبەش بێت لە نێوانیاندا.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعرییەت، بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن، لادان، تەوەری هەڵبژادن، تەوەری دانان.

## پێشەکی [1]

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیعرییەتی بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن لە ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن) دایە،کە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن بریتین لە (ناو، هاوەڵناو، کار) بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری کاریگەر دەکەن لە سازاندنی شیعرییەتی دەق و بەخشینی سیمایێکی ئیستاتیکیانە، چونکە بەشداری لە ئەفراندنی وێنە دور لە یەک و هاودژەکان دەکەن ، کە بەهیچ شێوەیێک پەیوەندیێکی لۆژیکی و واتایی تیایاندا بەدی ناکرێت لە نێوان دیارخەر ودیارخراو لە چوارچێوەی ڕستە و دەستەواژەدا، زۆر بە توندی ڕۆڵ دەگێڕن لە بونیادی وێنە واتاگۆڕەکان.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگی سەرەکی ڕۆڵی بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن لە بەخشینی ئەدگاری شیعرییەت بە دەقی ئەدەبی دەگەڕێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئایا بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن وەکو پێویست گرنگی و بایەخی تایبەتیان پێ دراوە؟ لە نێو بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئێمە هەر لەو سۆنگەیەوە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە.

**سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان میتۆدی سیمیۆ- ڕاڤەکاریمان پەیڕەو کردووە، لەبەر ئەوەی زیاتر لەگەڵ ڕۆحی شیعرییەتدا دەگونجێت و سنوری توێژینەوەکەش بریتییە لە هەر چوار ڕۆمانەکەی (شێرزاد حەسەن) کە بریتین لە (تەمی سەر خەرەند، پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، ژنێک بەسەر منارەوە، دواشەوی دابەزینی عیسا).

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی وەرگرتن؛ ٢٧ ئاب ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن؛ ٣٠ ئەیلول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو؛ لە ٥ ئادار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیلی توێژەر: xalilibrahimm@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، ڕێزان سالح مەولود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

ئامانج لەم توێژینەوەیەماندا دەرخستنی ڕۆڵی بەشەسەرەکییەکانی ئاخاوتنە لە بونیادنانی وێنەی هاودژ لە نێو دەقی ئەدەبیدا ،بەتایبەتی دەقی ڕۆمان.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بون لە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی و گرفتی وەرگێڕانی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

## ١. بەشی یەکەم

### ١.١:پێناسە و بنەماکانی شیعرییەت:-

شیعرییەت (Poetics) زاراوەیەکی کۆنی نوێیە و بنەچەی زاراوەکە بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە (ناظم ،١٩٩٤: ١١) و ئەگەر ((سەیری زاراوەی (Poetics)ی ئینگلیزی و (Poetique)ی فەرەنسی بکەین هەردوکیان لە زاراوەی (Poetica)ی لاتینییەوە هاتون و ئەویشیان لە زاراوەی (Poietikos)ی گریکییەوە کەوتۆتەوە)). (وغليسي ،٢٠٠٨: ٢٧٢)، کەواتە ئەگەر سەیری زاراوەی (Poetics) بکەین ،کە ((چەمکێکی زمانی نوێیە ،لە سێ یەکەی سەرەکی پێکهاتووە ،کە (Poem) یەکەیەکی فەرهەنگی (Lexeme)یە ،کە لە زمانی لاتینیدا واتای شیعر یاخود قەسیدە دەگەیەنێت ،پاشگری (ic)یش کە یەکەیەکی مۆرفۆلۆژی (Morpheme)یە ،کە دەلالەت لە نیسبەت دەکات و ئاماژەیە بۆ لایەنی زانستیی ئەم کێڵگە مەعریفییە و پاشگری (s)یش دەلالەت لە کۆ دەکات)). (بوحوش ،٢٠٠٧: ٧١) ،کەواتە (شیعرییەت) زانستە و بابەتەکەشی (ئەدەب) بە گشتییە، هەرچەندە لە سەردەمە کۆنەکان زیاتر تایبەت بو بە (شیعر).

بنچینەی سەرهەڵدانی (شیعرییەت) چ وەک زاراوە چ وەک چەمک مێژویەکی گەلێ کۆنی هەیە ،کە بۆ سەردەمی گریکەکان دەگەڕێتەوە تەنانەت ((زۆر زوتر لە چین وهیندا)). (ناظم ،١٩٩٤: ٢٠) و لە کاروانی پێشکەوتن و گۆڕانی دا چەمک وپێناسەکانیشی گۆڕاون بۆ نمونە ((لەسەرەتادا پەیوەست کرابو بە تیۆری لاسایی کردنەوە –Memetic و لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زاینیشدا ڕێبازی تازە سەریان هەڵدا کە گرنگیان زیاتر بە پەیوەندی نێوان کارە ئەدەبییەکان و خوێنەری دەقەکان دەدا ئەوانیش تیۆرەکانی پڕاگماتیک(Pragmatic) بون و ڕۆمانسیزمیش جەختی لەسەر بلیمەتی کەسایەتی نوسەر کردەوە و چەند تیۆرێکی (دەربڕینخوازی – expressive) هاتنە ئاراوە ،لە کۆتاییشدا لەگەڵ سیمبۆلیزمەکان تیۆرە (بابەتییەکان – Objective) هاتنە ئاراوە ،کە گرنگیان بەکاری ئەدەبی دا لە خودی خۆی)). (ناظم ،١٩٩٤: ٢٠).

جگە لەوەی بە درێژایی مێژو شیعرییەت لە چەندین دیدگای جیاوازەوە سەیرکراوە، بە تایبەتی لە سەردەمی نوێدا ،پاش ئەوەی ڕەوانبێژی تەقلیدی نەیتوانی هەمو بەها ئیستاتیکییەکانی دەق شی بکاتەوە.

### ٢.١ : شیعرییەتی زمان:

زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بگرە گرنگترین و سەرەکیترین و یەکەمین هۆکارە لە هۆکارەکانی کردەی پەیوەندیکردندا، کە بە درێژایی مێژو مرۆڤ دایهێناوە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان، بێگومان ئەرکی زمان لە سەرەتا و بۆ ماوەیێکی زۆر تەنها لە چوارچێوەی مەبەستی پەیوەندیکردندا مایەوە، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ بیری لە دەربڕینی هەست وسۆزەکانی ناخی کردەوە بە شێوەیێکی جیاواز پەنای بردە بەر زمانێک، کە بە شێوەیێکی جوانیناسانە ئەو هەست وسۆز و دەربڕینانە لەخۆ بگرێت. لەبەر ئەوە پێویستی بەوە بو، کە بە زمانێکی دیکە هەست و سۆز و خەون و خەیاڵەکانی دەرببڕێت دوای ئەوەی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە زمانی ئاسایی ڕۆژانە دەستەوەستانە لە ئاست خەون و خولیا و خەیاڵ و هەستەکانی. هەر ئەم هۆکارەش بو وای لە مرۆڤ کرد لە یاسا وڕێساکانی زمانی ڕۆژانە لابدات و جۆریك لە لادان بێنێتە کایەوە، چونکە هەروەک ئاشکرایە کە زمانی ئۆتۆماتیک یاخود زمانی ئاسایی ڕۆژانە تەنها تاکە ئەرکی کردەی پەیوەندیکردنە، لەبەر ئەوە زمانی شیعریی ئەو زمانەیە کە یاسا و ڕێساکانی مۆرفۆ – سینتاکسی زمان دەشکێنێت و لەسەر بنەمای پاشماوەی ئەو زمانە بونیاد دەنرێت، بەڵام کە ئەڵێین زمانی شیعری مەبەستمان تەنها ژانری شیعر نییە، هەر چەندە سەرەتا ئەو هونەر و ئیستاتیکایە تایبەت بو بە زمانی شیعر – کەچی لە پەخشانیشدا بەدی دەکرێت – بەڵام ڕەنگە بە پلە و ئاستی جیاواز دەربکەوێت بە تایبەتی لە پەخشانی هونەریدا، ئەم لادانەش پێویستی بە پێوەرێک هەیە کە ئەو زمانە شیعرییە نوێیە لێی لابدات، هەر وەک (جان کۆهین) پێیوایە هەر نوسەرە وخاوەن ڕێچکە و ڕێبازی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە چۆنیەتی و بڕی ئەو لادانانە لە زمانی هەر نوسەرێک شێواز و ستایلی تایبەتی ئەو نوسەرەمان بۆ دیاری دەکات، بۆیە ئەگەر شێواز وەک لادان وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی ئاسایی ڕۆژانە و زمانی هونەری و ئەدەبی دو جەمسەری دیاریکراون و هەمو جۆرەکانی دیکەی زمانی شیعریی لە نێوانیاندا ڕیز دەبن، هەر بۆیە جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان چەندییە زیاتر لەوەی چۆنی بێت، چونکە دیارترین جیاوازی نێوانیان زۆری و کەمی لادانەکانە لە هەردو جۆری زمانەکەدا.

هەر لەبەر ئەوەشە ئەتوانین شێواز بە ڕاستەهێڵێک بچوێنین کە جەمسەرێکی پەخشانە وخاڵییە لە هەمو جۆرە لادانێک و جەمسەرەکەی تریش شیعرە کە لادان تیایدا دەگاتە ئەوپەڕی لە نێوان هەردوکیشیاندا هەمو جۆرەکانی تری زمانی بەکارهاتو لە دوای یەکتریدا ڕیز دەبن، کە بێگومان مەبەستمان لە پەخشان لە پەخشانی زانستییە کە ناتوانین بڵێین هیچ جۆرە لادانێکی تێدا نییە، بەڵام زۆر نزیکە لە سفر هەر وەک (ڕۆڵان بارت) ناوی ناوە ((پلەی سفر لە نوسین)) (کوهن،١٩٨٦: ٢٣ – ٢٤)، هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد بە تایبەتی بە پێی ڕای (یاکبسۆن) زمانی شیعریی زمانێکە تیایدا جەخت لەسەر خودی پەیام دەکرێتەوە لە خودی خۆی و بۆ خودی خۆی، لەسەر حیسابی ئەرکی سەرچاوەیی هەر بۆیەشە لە زمانی شیعریدا ناگەین بە حەقیقەت، بەڵکو کەرەستەیێکە لە کەرەستەکانی بونیادی دەق، چونکە زمانی ئاسایی ڕۆژانە بونی خۆی لە دەرەوەی خۆی دەسەلمێنێ و هۆکارێکە بۆ بەردەوامی کردەی گەیاندن و بە هیچ شێوەیێک نابێتە ئامانج، بەڵکو تەنها بۆ مەبەستی گواستنەوەی بیر و بۆچون لە نێوان خەڵکیدا بەکاردێت ، بە پێچەوانەی زمانی شیعریی کە بەدورە لە ئامانجی گەیاندن، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەی هەڵچونە ویژدانییەکانە بۆیە هەردو لایەنی دەنگی و دەلالی تێیدا زیاتر لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بەمجۆرەش زمان زیاتر دەبێتە هەڵگری ڕەهەندی ئیستاتیکی و دور دەکەوێتەوە لە گەیاندنی دەلالەت بە شێوەیێکی ڕاستەوخۆ، بەمپێیەش وەرگر پێویستی بە تێڕامانی زیاتر و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی زۆرتر هەیە بە پێچەوانەی زمانی پەخشان، کە وەرگر ڕاستەوخۆ تێی دەگات (برکة، ١٩٩٣: ٥٨ – ٥٩).

ئەگەر بچینە سەر بەکارهێنانی وشە بۆمان دەردەکەوێت وشەکان لە زمانی شیعریدا دادەماڵدرێن لە مانا و دەلالەتە فەرهەنگییەکانیان و مانا و دەلالەتی تازەیان بەبەردا دەکرێت کە زۆر جیاوازە لە بەکاربردنی ئاسایی زمانی ڕۆژانەدا و وشەکان ئەبنە خاوەن

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

هێزی بەهێزی ئیحا و ئاماژەپێکردن، کە ئەم کردەیەش بەپێی هەردو پرۆسەی هەڵبژاردن لە تەوەری جێگۆڕکێی زمان و دانان لە تەوەری بەدوای یەکداهاتویی، چونکە هەڵبژاردن کردەیێکی نابەجێیە لە تەوەری ستونی زمان و دانانی وشەیێکە لە شوێنی وشەیێکی تر و لە تەوەری هاونشینیش دەکەوێتە پاڵ وشەیێکی دیکە، کە هەرگیز لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا لەو شوێنەدا نابینرێت ولەگەڵ یەکتری ناگونجێن، بۆیە پێویست دەکات کە واتا ودەلالەتی تازەیان بۆ بخوازینەوە تاوەکو گونجانێکی دەلالی لە نێوانیاندا بەدەست بهێنرێت، هەر وەک (جان کۆهین) ناوی ناوە ڕەواندنەوەی لادان، کە بێگومان ئەمجۆرە ڕێکخستن و دانانە جۆرە ڕیتم وهاوئاوازیێکی لێدەکەوێتەوە، کە زۆر دورە لە هاوپەیوەندیی وشکی نێوان وشەکان لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا ((چونکە لە شیعردا پەیوەندییەکانی هاوشێوەبون و هاوسەنگی عەروزی و هاوئاهەنگی سەروا، کە کێشەی هاوشێوەبون و بەرامبەریی واتایی دەسەپێنن، بە پێچەوانەی زمانی پەخشان کە تەنها لە خانەی پەیوەندی هاوسێیەتی کار دەکات، کەچی شیعر لە هەردو ئاستی هاونشینی و جێنشینی زمان کار دەکات، کە زیاتر خۆی لە خواستن و خوازەی ڕەهادا دەبینێتەوە)) (برکة، ١٩٩٣: ٦٠)، بەڵام ئەم چەند تێبینییەی سەرەوە بۆ پەخشانی هونەریش بە ڕاست دەگەڕێت، بە تایبەتی لە زمانی شیعریی ڕۆمانی نوێ، کە زۆر بە چڕی کار لەسەر لایەنی وێنەی هونەری داهێنراو دەکات، هەرچەندە وەکو شیعری کێش وسەروادار نییە، کە لادان لە هەرسێ ئاستە سەرەکییەکەی زماندا دەکات، کە ئەوانیش ئاستی (دەنگی، پێکهاتەیی و دەلالی)ن، هەرچی زمانی شیعریی پەخشانی هونەرییە – زمانی چیرۆک و ڕۆمان – زیاتر کار لە ئاستی دەلالی زماندا دەکات وجەختی زیاتری لێ دەکاتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ئیشکردن لە هەردو ئاستەکەی تری زماندا ناکات، بە پێچەوانەوە لە هەردوو ئاستی دەنگی و پێکهاتەییش کار دەکات، بەڵام بەو بڕ و ڕێژەیە نا کە شیعری کێش و سەروادار هەیەتی جگە لەوەی ((ئەگەر زمانی چیرۆک – ڕۆمان – بە نمونە وەربگرین، نابێت تەنیا زمانێکی واقیعی و ئاسایی بێ، بەڵکو لەپاڵ لایەنی هونەرەکانی ڕوکارەکەیەوە، دەبێت لایەنی لۆژیکی عەقڵی پەخشان لە زماندا لەپاڵ خەیاڵ و فانتازیای شیعری و هەروەها لەلایەنی هەڵچون و سۆز لەپاڵ واقیع و واتادا ئاوێتەی یەکتری بکرێن، بەمشێوەیە پانتاییێکی مردوی جەقبەستو لەنێو دەقدا دروست نابێت، بەڵکو زیندویێتی دەبەخشێ دور لە ڕاستییە زانستییە بێجوڵەکان (الجامدة)، ئەمەش لە زمانی شیعر وشیعرییەتی دەق نزیک دەکەوێتەوە)) (خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٠٧).

### ٣.١:شیعرییەتی بەشەسەرەکییەکانی ئاخاوتن:

بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن کە بریتین لە (ناو، هاوەڵناو، کار) ڕۆڵی سەرەکی لە بونیادی زماندا دەگێڕن ، بە شێوەیێک هەریەکەیان ڕۆڵێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بێگومان هەر یەکەشیان ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەرکی هەر یەکەشیان جیاوازە لەویدیکە، بۆ نمونە (ناو) هەمیشە بۆ ناونانی مرۆڤ وگیانلەبەر و هەمو شتەکانی سروشت و دەوروبەرە، گرنگترین ئەرکەکانیشی لە نێو زماندا بریتین لە (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بە یاریدە ...هتد)، بەڵام هەرچی هاوەڵناوە هەر لە ناوەکەیەوە دیارە هاوڕێ و هاونشینی ناوە لە ڕستەدا و هەمیشە وەسفی ناوێکی دیاریکراو دەکات، بە هەمو جۆرەکانییەوە، هەرچی کارە لە نێو ڕستەدا ئەرکی ڕودانی ڕوداوەکان لە ئەستۆ دەگرێت و بە هەمان شێوە جۆر و شێوە و دەمی ڕوداوەکان دەست نیشان دەکات، کە بەسەر ناوەکان دێن لە نێو بونیادی ڕستەدا، بەڵام لە زمانی هونەری و ئەدەبیدا هەر یەکە لە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن ڕۆڵ و ئەرکەکانیان بە تایبەتی لە ڕووی دەلالییەوە دەگۆڕێت ، جگە لەوەی زۆر جاریش شوێن و پێگەی هاتنیان لە نێو بونیادی ڕستە و دەستەواژەکاندا دەگۆڕێت، بۆ نمونە ناوێک دەخرێتە پاڵ ناوێکی تر، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن و لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا شتی وا بەدی ناکرێت، یاخود هاوەڵناوێک کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوێکی دیاریکراودا ناگونجێت، بەڵام لە زمانی هونەری و ئەدەبیدا دەخرێتە پاڵی، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیێکی تەواو و گشتگیر باسیان بکەین.

## ٢. بەشی دووەم:

### ١.٢: شیعرییەتی خستنەپاڵ:

زمان ئەو هۆکارەیە کە شاعیر یاخود نوسەر بەکاری دەهێنێت، بەڵام بە پێچەوانەی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی پەنا ئەباتە بەر گەمە زمانییەکان و لە ڕێڕەوی ڕاستەوخۆ و پێڕاهاتوی ئاسایی لادەدات، چونکە ((ئێستاتیکا و ئەفراندن لە دەقی شیعریدا پەیوەستە بەو لادانە واتاییانەی شاعیر ئەنجامی دەدات، بەمەش سیمای وشە شیعرییەکان واتاییێکی تازەیان پێ دەبەخشرێت، چونکە ئەرکی لادانی واتایی ئەوەیە، کە واتای لەگەڵ واتای فەرهەنگی جیاواز بێت)) (مەلا، ٢٠٢١: ١٤١)، هەروەها جگە لەوەی زمانناسی لە واقیعی زمانەوە سەرهەڵدەدات، واتە ((لە دەستکەوتەکانی کردەی زمان، بەڵام زیاتر  بەلای واقیعی قۆناغی پێش پێکهاتن دەشکێتەوە، تا بگاتە بونیادی تەواوی ئاخاوتن لە دەنگ و فۆنیم و دەلالەت، چونکە ئەو یاسایانەی کە لە خودی زمان هەڵێنجراون بونەتە پێوەری ڕاستی ودروستی ڕستە و پێکهاتنی ئاخاوتن، بۆیە دو مەرجی پێوانەیی بۆ مامەڵەکردن و بەرهەمهێنانی زمانیی دیاریکراون کە ئەمانەن:

١ – ڕاستی بە گوێرەی ڕێساکانی سینتاکس.

٢ – پێویستە ڕستەکە پەسەند بکرێت. )) (عیاشي، ١٩٩٠: ١٠٣)

واتە پێویستە کەرەستەکانی پێکهێنانی ڕستە بەپێی یاسا وڕێساکانی ڕێزمان و سینتاکس ڕێک بخرێن، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە، چونکە بەمشێوەیە ڕەنگە هیچ جۆرە واتایەک نەدات بە دەستەوە، بەڵکو دەبێ بچێتە ژێر ئەگەری قبوڵکردن وقبوڵنەکردنی، واتە دەبێ پێکهاتەکەی لۆژیکی بێت و ئەقڵ قبوڵی بکات و واتایێکی دیاریکراویش ببەخشێت، واتە وشە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەبێ لە ڕوی واتاوە لەیەکتری نزیکبن، تاوەکو واتای بەدەست هاتوی ڕستە نوێیەکە قبوڵکراو بێت، بۆیە ئەگەر بڕوانینە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ڕستە بەمشێوازانەی خوارەوە دروست دەبێت:

١ – بکەر + کار.

٢– بکەر + بەرکار + کار.

بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت بەپێی یاسای دووەم ڕستەیێک دروست بکەین شێوازەکەی بریتی دەبێت لە (بکەر + بەرکار + کار)، سەرەتا بکەرێک هەڵدەبژێرین بۆ نمونە (سەردار) لە دواییدا بەرکارێک وەک (کتێب) لە کۆتاییشدا کارێک بۆ نمونە (دەخوات) کە ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت (سەردار کتێب دەخوات)، کە بێگومان ڕیزکردنی کەرەستەکانی ئەم ڕستەیە لەڕوی یاساکانی سینتاکسی زمانی کوردییەوە تەواوە، بەڵام لە ڕوی واتا و دەلالەت و لۆژیک قبوڵکراو نییە، هەربۆیە لێرەدا ((مەسەلەی فێڵدە زمانییەکان دێنە گۆڕێ  لە خستنە پاڵ یەکتری


Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

کەرەستەکانی ڕستە، چونکە لە ئەنجامی ڕاهاتن و بەجێهێنانی بەردەوامی زمان بە شێوەیێک بەپێ ویستی مرۆڤ کاتێک قسە دەکات ئەو وشانەی کە سەر بە یەک فێڵدی زمانین لەگەڵ یەکتری ڕیز دەبن)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٧٩)، بۆ نمونە بۆ ئەرکی بکەر لە فێڵدی ناوەکان ناوی (سەربەست) هەڵدەبژێرین، یەکسەر لە دوای ئەم هەنگاوە چەندین ناوی تر بۆ ئەرکی (بەرکار)، کە لەگەڵ واتا و دەلالەتی (سەربەست) لە مێشک و هزردا ڕیز دەبن کە بەپێی ویست و ئەو پەیامەی کە مرۆڤ ئەیەوێت دەری ببرێت وشەیێک هەڵدەبژێرێت بۆ نمونە (کتێب)، پاشانیش کۆمەڵێک (کار) لە دوای یەکتری ڕیز دەبن کە لەگەڵ واتای هەردو وشەی (سەربەست وکتێب) بگونجێن، بۆ نمونە کاری (دەخوێنێتەوە) هەڵدەبژێرین، کەواتە ئێمە لێرەدا لە نێوان دو هەنگاوی هاوئاراستە و تەواوکەری یەکتری داین، کە ئەوانیش هەردو تەوەری هاونشینی وجێنشینی زمانن، واتە هەردو تەوەری (هەڵبژاردن و دانان – الاختیار والتألیف) هەر وەک (یاکبسۆن) ناوی ناون، کە یەکەمیان پەیوەست دارە بە هێڵی فەرهەنگ و دووەمیشیان پەیوەندی بە سینتاکسی زمانەوە هەیە، جگە لەوەی والادەستی شاعیر ونوسەر لەوە دایە کە دەتوانێت چەندین ئەگەری دیکە هەڵبژێرێت لەو وشانەی کە لە فێڵدی تایبەتی هەمان وشەکانی تری پێکهاتەی ڕستەکەدا بن، بۆ نمونە ئەتوانین لە جیاتی ناوی (کتێب) ناوێکی تر بەکار بهێنین وەک (ڕۆژنامە، گۆڤار...هتد)، کە ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت (سەربەست ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە)، جگە لەوەی هەمان شتیش بۆ وشەی (سەربەست) بە ڕاست دەگەڕێت، کە دەتوانین بێ کۆتا ناو لە جیاتی ئەو بەکاربهێنین، جگە لەوەی هەمان شتیش ڕاستە بۆ کاری (دەخوێنێتەوە)، بۆ نمونە دەتوانین بڵێین (داخست) کە ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت (سەربەست کتێبەکەی داخست)، لێرەشدا دەرگای ئەگەرەکان زۆر بەرفراوان دەبێت کە بەپێی ئەم هێلکارییەی خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:- د ← م١ ← م٢

کەواتە دەشێ بەپێی مەرجی یەکەم کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد ڕستە دروست بکرێت کە تەواو پەیڕەوی یاساکانی مۆرفۆسینتاکسی زمان بکات، بەڵام لە ڕوی یەکێتی لۆژیکییەوە پەسەند ناکرێت، لەبەرئەوەی دەبێ ئاماژە بە واتایێکی پێڕاهاتو بکات بۆیە هەمیشە ((سەرکەوتن بۆهێڵی ڕێزمان و سینتاکسە بەسەر هێڵی فەرهەنگدا، بە واتایێکی تر هەمیشە هێڵی فەرهەنگ لە خزمەتی تەوەری دانان دایە، ئەمەیان لە زمانی قسەکردنی ئاساییدا)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٠)، بەڵام لە زمانی شیعرییدا کە یاساکانی ئاخاوتنی ئاسایی تێکدەشکێنێت، چونکە ((شیعرییەت لە بنەڕەتەوە تایبەتمەندی هاوشێوەبون وگونجان و لێکچون و لەیەک نزیکبونەوە نییە لەگەڵ یاساکانی زمان، بەڵکو پێچەوانەی هەمو ئەمانە هاوشێوە نەبون و نەگونجان و لێکنەچون و لەیەکدورکەوتنەوەیە)) (ابو دیب، ١٩٨٧: ٢٨)، بۆیە لە دەقی داهێنراودا کاتێک شاعیر و نوسەر کۆت و پێوەندەکانی زمانی ئاسایی دەشکێنێت و ئەرکی شیعرییەت بەسەر گشت ئەرکەکانی تری زمان زاڵ دەبێت و وابەستەی هیچ جۆرە یاسا و ڕێسایێکی پێشینە نابێت، چونکە ئەرکی پەیام لە ئەرکی ڕاگەیاندنەوە دەگۆڕێ بۆ ئەرکێکی جوانی ناسی و هەڵگری دەلالەتی ئیحایی دەبێت. (عیاشي، ١٩٩٠: ١٠٣)، بەو پێیەی کە زمانی شیعری لادانە لە بنەما سەرەکییەکانی یاساکانی سینتاکسی ئاخاوتنی ئاسایی، بۆیە بەردەوام گوتاری شیعریی گوتارێکی ناسینتاکسییە (لا نحویة)، بە بەراوردکردن لەگەڵ پەخشاندا، کە لە ئاستی ڕستەسازیدا گونجانێکی دەلالی لەخۆیدا هەڵدەگرێت (کوهن، ١٩٨٦: ١٠٥ – ١٠٦)، چونکە لە زمانی شیعرییدا کە پێچەوانەی زمانی پەخشانە سەرکەوتن بۆهێڵی فەرهەنگە بەسەر هێڵی دانان (التألیف) وەک (یاکبسۆن) دەڵێت: ((هەڵبژاردن ئەنجامی یاسای هاوشێوەبون و لەیەکچون و جیاوازیی و هاوواتایی و دژیەکییە، کەچی تەوەری دانان و بونیادنانی ڕستە(المتوالیة) پشت بە بنەمای هاوسێیەتی دەبەستێت، لەبەر ئەوە ئەرکی شیعرییەت بنەمای هاوشێوەبون بۆ تەوەری هەڵبژاردن زاڵ دەکات بەسەر تەوەری دانان و هاوشێوەبون دەبێتە تاکە هۆکاری بونیادنانی ڕستە و هەمو پارچەکانی لە زمانی شیعری لە پەیوەندییێکی هاوشێوەدان لەگەڵ هەمو پارچەکانی تریدا (یاکبسون ، ١٩٨٨: ٣٣)، کە بنەمای نەگونجانی ڕواڵەتیی نێوان دیارخراو و دیارخەر وگشت کەرەستەکانی ڕستە لەخۆی دەگرێت و پێویستی بە خواستنەوەی دەلالەتێکی تازە یان خوازەیی بۆ قەبوڵکردن و دەستخستنی واتا ودەلالەتێکی نوێ هەیە.

(جان کۆهین) نەگونجان و لێک دورکەوتنەوە (المنافرة)ی نێوان دیارخەر و دیارخراو بە لادانی سیاقی ناو دەبات و ناوی دەنێ لادانی خستنەپاڵ یەکتری (الأنزیاح الاسنادي) و زۆر جاریش بە زاراوەی ناسینتاکسی (اللانحویة) ناوی دەبات، چونکە خستنەپاڵ (الاسناد) یەکێکە لە ئەرکەکانی سینتاکسی زمان و ئەگەر لادانێک لەم ئەرکەی سینتاکسدا ڕونەدات، ئەوا کەموکورتییەک لە سینتاکسی گوتاری شیعریی ڕودەدات، بۆیە چەمکی ناسینتاکسی یاخود لە یەکتری دورکەوتنەوە(المنافرة)ی دەلالی لەوە دایە کە ڕێزمان یاخود سینتاکسی زمان ڕۆڵ و ئەرکی دیاریکراو بە وشەکان دەبەخشێ و واپێویست دەکات کە وشەکان لە سیاقدا ئەو ڕۆڵ و ئەرکانە بگێڕن بە پێی سروشتی بونیادی سینتاکسی هەر زمانێکی دیاریکراو، بەڵام کە ئاماژە بە مەسەلەی ناسینتاکسی (اللانحویة)ی زمان دەکات مەبەستی ئەوەیە کە وشەکان بە هیچ شێوەیێک ناتوانن ئەو ئەرک و ڕۆڵانە بەجێ بهێنن کە ڕێزمان بۆی دیاریکردون لەسەر هەردو ئاستی خستنەپاڵ و دەستنیشانکردن(الاسناد والتحدید) (ناظم، ١٩٩٤: ١٢٠)، کە بێگومان ئەم ناسینتاکسییەی زمان سەر ئەبات بۆ گۆڕینی واتا و پەیوەندی بە خستنەپاڵی ناسروشتییەوە هەیە کە سەردەکێشێت بۆ نەگونجان و لەیەکتری دورکەوتنەوە، ئەمەشیان گۆڕینی دەلالەت دەسەپێنێ.

خستنەپاڵ یەکتری دو وشەی لەگەڵ یەکتری نەگونجاو و دور لە یەک، کە لە واتا و دەلالەتدا هاودژ بن جۆرە وێنەیێکی لێ دەکەوێتەوە، کە واتای دو وشەی هاودژ و لەیەک دور پێکەوە کۆ دەکاتەوە پێی دەگوترێت وێنەی هاودژ ((الصورة التنافرية – Oxymoronic image))، کە جۆرێکە لە گوتار و وشە لەیەکدور و دژیەکەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، یان بە شێوەیێکی ڕونتر وشە هاودژ و واتادژیەکەکان پێکەوە گرێ دەدات بۆ خستنەوەی کاریگەرییێکی تایبەتی، وەک بڵێین (ئەو دزێکی دەستپاکە). (Guddon، ١٩٨٢: ٦٢٧).




Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

بێگومان ئەمجۆرە وێنەیە بۆ کەلتوری گریکی بە تایبەتیش زاراوەی (Oxymoron) دەگەڕێتەوە، کە واتای پێکەوە کۆکردنەوەی دو شتی دور لە یەک دەگەیەنێت و زاراوەکەش لە دو بەش پێکهاتووە کە یەکەمیان (Oxys)ە، بە واتای زیرەکی یاخود ژیریی دێت و دووەمیشیان کە (Moros)ە بە واتای دەبەنگی دێت و هەردو بەشەکەش پێکەوە واتای (دەبەنگی ژیر) دەگەیەنێت (قطوس و ربابعة، ١٩٩٤: ٣٤)، کەچی ئەگەر وەک زاراوەیێکی ئەدەبی سەیری بکەین، ئەوا بریتییە لە وێنەیێکی ڕەوانبێژی کە هەردو جەمسەرەکەی پێکدێن لە دو شت یاخود لە دو وشەی لە یەکدور و نەگونجاو، کە هیچ پەیوەندییێک بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بڕواننە نمونەکەی سەرەوە (دەبەنگی ژیر) ئەندازەی لەیەکدور بونی هەردو جەمسەری وێنەکەمان بۆ دەردەکەوێت، کەچی پەیوەندییێکی ڕێککەوتن لە نێوان (دەبەنگی)و (ژیر)دا هەیە، کەچی لە هیچ دەربڕینێکدا لەگەڵ یەکتریدا نایەن مەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکانی (هەڵە) لە قەڵەمی بدەین (قطوس و ربابعة، ١٩٩٤: ٣٤).

بێگومان لێرەدا مەبەستمان لە (هەڵە) لادانە لە زمانی ئاسایی و ئەم نەگونجانەش پێویستی بە خواستنەوەی واتایێک هەیە تاوەکو گونجانێکی دەلالی بەدەست بهێنینەوە، ئەمجۆرەی وێنە لە ئەدەبیاتی ئەوروپی و ئینگلیزیدا وێنەی زۆرە لە کۆن و نوێدا، بۆ نمونە کاتێک (شکسپیر) لە (ڕۆمیۆ و جولیێت)دا دەستەواژەی (ئەی ڕقی خۆشەویست) بەکار دەهێنێت، هەروەها (جۆن ملتن)یش لە (بەهەشتی و نبو)دا لە وەسفی دۆزەخدا ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنێت (لەوێ هیچ ڕوناکییەک نییە، بەڵکو تاریکییێکی ڕۆشنکەرەوە) (Guddon، ١٩٨٢: ٦٢٧).

پێکهاتەی وێنەی لەیەک دور بەندە بە یاسای جێگۆڕکێیی خواستراو و دەرکەوتنی جۆرە لێکدورییێک و دژیەکییەکە لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا هەر بۆیە (کۆهین) دەڵێت: ئێمە لە بەرامبەر دو جۆری خواستن داین، بەمپێیەش دو پلەی دیاریکراوی لە یەک دور لە یەک جیا دەکەینەوە بە گوێرەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مەدلولەکانیاندا هەیە، بۆیە لە یەکتری دورکەوتنەوەکە لە پلەی یەکەم دایە، ئەگەر پەیوەندییەکە ناوەخۆیی بو و ئەگەر پەیوەندییەکە دەرەکی بو ئەوا لە پلەی دووەم دایە (علیات، ٢٠٠٤: ٣١٩ – ٣٢٠)، کە بێگومان یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمجۆرە وێنانە ئەوەیە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێک دەشکێنن و ڕەگەزی لەناکاوی (مفاجأة) توشی وەرگر دەبێت، کە هیچ گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی وێنەی لەیەکدور و هاودژ (الصورة التنافرية) جۆرێک لە نارونی چاوەڕوانی لای خوێنەر و وەرگر دروست دەکات و دەیباتە نێو چێژێکی نوێباو و سەرسوڕهێن و نامۆ (علیات، ٢٠٠٤: ٣٢٠).

لەمجۆرە وێنانەدا کە ((بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن بنچینەی بونیادی وێنەی هاودژن بەو واتایەی کە هەردو وشەکان لە دەلالەتدا پێچەوانە و دژ بە یەک بن، ئەمەش لە دەربڕینی ئەوپەڕی زێدەڕۆیی شاعیر و نوسەر لە مامەڵەکردنی لەگەڵ زماندا دەکەوێتەوە ، ڕۆڵی هەرە گەورە و زۆریش لەم کردەیەدا بەر خەیاڵ دەکەوێت لە خەڵق کردن و ئەفراندنی کەشێکی وا هەرگیز وەرگر و خوێنەر چاوەڕێی ناکات لە پێکەوە کۆ کردنەوەی دو وشەی دژیەک و دور لە یەک و لەگەڵ یەک نەگونجاو)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٨١)، لەم بارەشدا ئەم وتەیە بەڕاست دەگەڕێت، کە دەڵێت ((ئای لە بەدبەختی ئەو شاعیرەی کە نەیتوانیوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دو وشە پێکەوە کۆ بکاتەوە کە هەرگیز پێشتر پێک نەگەیشتون)) (ویس، ٢٠٠٢: ١٣٣)، کەواتە ئەمجۆرە وێنە لێکدژانە کاریگەرییێکی ئێجگار زۆر دەکەنە سەر بیر و هزری وەرگر (خوێنەر)، چونکە بە هیچ شێوەیێک لە زمانی پێڕاهاتوی ڕۆژانەدا گوێ بیستی ئەم جۆرە دەستەواژە و دەربڕینانە نەبووە، لەبەرئەوە بارێکی شڵەژاو و چاوەڕوان نەکراو لەلای خوێنەر(وەرگر) دروست دەکات و ئەمجۆرە وێنە لێکدور و هاودژانە ((باری تێبینی و چاوەڕوانی خوێنەر زۆر بە سەیری تێکدەدەن و لە ئەنجامدا جۆرە چێژێکی نوێ و سەیر و نامۆی لێ وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر توانی خۆی بپارێزێت لە حوکمدان بەسەر ئەمجۆرە وێنە هاودژانەدا لە ڕوانگەی پێوەری ڕاستی ودروستی ڕستە و توانایان لە میانی توانای شاعیر و نوسەر بەسەر گوزارشت کردنیان لە ئەزمونی تایبەتی خۆیان بە زمانێکی جیاواز و تازە)) (علیات، ٢٠٠٤: ٣٢٠).

ئەو ڕێگایەی کە ئەمجۆرە وێنە لەیەک دور و هاودژانە بەدیار دەخەن لەسەر ئاستی زمانی شیعری، ئاماژەیە بە حاڵەتی ناهەستیی نوسەر، کە ئەویش هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ڕوئیا و جیهانبینییەکانی بخاتە ڕو لە ڕێگەی یاریکردن بە وێنەکانی خواستن، چونکە بونی ئەمجۆرەی وێنەی خواستنەکان وکلێشەکانیان جۆرێک لە لێڵی و تەم ومژی بە دەق دەبەخشێت و وا پێویست دەکات کە خوێنەر یاخود وەرگر خاوەنی پاشخان و توانایێکی مەعریفی وابێت کە بتوانێت لێیان تێ بگەن وهەڵیان بوەشێننەوە، بەمپێیەش دەق دەبێتە سیستەمێکی ئاماژەدار کە ئەو لەیەکدوری و دژیەکییەی دێتە کایەوە لە نێوان دال ومەدلول یاخود دیارخەر و دیارخراو سەر دەنێت بۆ خەڵقکردن و ئەفراندنی گۆڕانی بێ کۆتایی لە وێنە و واتا لە ڕێگەی خەیاڵدا، لەبەر ئەوەشە کە خەیاڵ ناتوانێت هیچ بکات، بەڵکو جۆر و فۆرمەکان خۆیان بەسەری دا دەسەپێنن و ئەویش تەنها ئەرکی ڕێکخستن و یەکخستنیانی بۆ دەمێنێتەوە، جگە لەوەی کە گوم دەبێت لە دۆزینەوەی گونجان و بەیەکگەیاندن و لێکدان و ڕێکخستنی نێوان لێکچووەکان و لێکدورەکان لە بونیادی وێنەکاندا بە شێوەیێک کە هەرگیز لە دەرەوەی شیعر و هونەر بە گشتی ڕونادەن (علیات، ٢٠٠٤: ٣٢٠ – ٣٢١)، بێگومان هەر ئەمەشە وا دەکات لە ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە وێنانەدا تەنها پشت بە خەیاڵ نەبەسترێت.

ئەمجۆرە وێنانە لەسەر بنەمای بیرۆکەی جێگۆڕکێیی دروست دەبن لە تەوەری ئاسۆیی زماندا، واتە لە تەوەری دانان، کە خستنەپاڵ یەکتری دو وشە یان زیاترە لە شوێنێکی دیاریکراوی ڕستەدا کە شوێنی لۆژیکی خۆی نییە لە کەلتوری پێڕاهاتودا ئەم دەرچونەش لە کۆدەکانی کەلتوری باو پێویستی بە تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە، چونکە تێگەیشتنی خواستنەکان لە ئەدەب و سەرگەردانبونمان بەهۆیانەوە لەسەر ئەم سێ هۆکارە بەندە، کە ڕادەی بڵاوییان و پاشخانی زانیاری خوێنەر(وەرگر) و گۆڕانی سیاق دەستنیشانیان دەکات (علیات، ٢٠٠٤: ٣٢٢).

ئامانج لەمجۆرە وێنە لێک دور و هاودژانە لە نێو دەقی شیعری و زمانی شیعریدا بۆ خستنە ڕوی تواناکانی زمانی شیعرییە بەهۆی دوبارە بەرهەم هێنانەوەی دەلالەت و ئاوەژوکردنەوەی زمانی ئاسایی و ئەفراندنی ڕوانینێکی تازە لە ڕێگەی کۆمەڵێ پەیوەندی تێکچڕژاو بۆ بەرهەم هێنانی ئیستاتیکا وچێژ، چونکە وەک (ل.س.رامبۆ) ئاماژەی پێکردووە، وێنە، کۆپییێکی ئەزمون نییە وەک خۆی کتومت، بەڵکو دوبارە خەڵقکردنەوەیێکی نمونەییە و ڕوانینە بۆ ئەو دیوی دەرک پێ کردن و بۆ ناوجەرگەی شتەکانە (کورک، ١٩٨٩: ٢٤١)، هەر لەم ڕووەوە ((دانەپاڵ یەکتری دو وشەی نەگونجاو و دور لە یەکتری لە دەستەواژەیێک یاخود لە سیاقی ڕستەدا خۆی لە خۆیدا لادانە لە ئاستی پێکهاتەیی (مۆرفۆسینتاکس)ی دەقدا و بەزاندنی یاساکانی خستنەپاڵ یەکتری زمانە، کە لە ئەنجامدا ئەمجۆرە لادانانە سەر ئەنێن بۆ لادانی دەلالی وکار لە گۆڕینی کار لە گۆڕینی مانا دەکەن)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٢)، چونکە

گۆڕینی فۆڕم ئەبێتە هۆی گۆڕینی دەلالەت لەبەرئەوەی (( سیمیۆلۆجیای زمان لەو پرۆسەیەدا، واتە لە وشەی فەرهەنگییەوە بۆ شیعری زوڵاڵ بە گوێرەی تیۆرەکەی (ئیمبەرتۆ ئیکۆ) بە دو قۆناغدا تێدەپەڕێت: یەکەمیان بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی نیشانەی زمانییە، کە دوایی دەبێتە (کۆد)، دووەمیشیان پرۆسەی گەیاندنە، کە تێیدا ئەم (کۆد)ـانە بۆ بەرهەم هێنانی نیشانەی نوێ بەکاردەبرێن: سیستەمی نیشان کردن پێکهاتەیەکی سەربەخۆی نیشانەیە، کە هەبونێکی ڕوتی دور لە هەر پرۆسەیەکی گەیاندن هەیە، پێچەوانەی ئەو...هەر پرۆسەیەکی گەیاندن لەلای یان لە نێوان مرۆڤدا پێویستی بە سیستەمی نیشانکردن هەیە و بە مەرجێکی ئەو پرۆسەیە دێتە ژماردن)) (محمد، ٢٠٠٧: ٢٩)، بۆیە سیمیۆژیای زمان لە دو ئاستی جیاوازدا پرۆسەی گۆڕینی واتا بە ئەنجام دەگەیەنێ کە ئاستی یەکەمیان پەیوەندی بە کۆدە زمانییەکان و واتا و دەلالەتە چەسپیوەکانیان هەیە، کە ئەویش واتای فەرهەنگی دالە زمانییەکانە، کەچی ئاستی دووەم پەیوەندی بە سیاق و پێکهاتەوە هەیە کە تیایدا مەدلولی یەکەم دەبێتە دال بۆ مەدلولێکی تازە کە ئەمەشیان لادانی یەکەمە هەروەک (جان کۆهین) دەڵێت: لادانە لە ئاستی سیاق (مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٢) و وەستان لەسەر مانای یەکەمی دالەکان و وشەکان نەگونجاو و دور لە یەکتری دەکەونە بەرچاو، بۆیە پێویستی بە قۆناغی دووەمی لادان هەیە، تاوەکو گونجانی واتایی بەدەست بهێنینەوە (کوهن، ١٩٨٦: ١٩)، هەر لەبەر ئەوەشە، کە لادان لە ئاستی پێکهاتەی زمان لادان لە ئاستی دەلالیدا دروست دەکات، چونکە ئەگەر شکاندنی یاسای ڕیزبەندی کەرەستەکانی سینتاکسی زمان تێکدانی یاسای خستنەپاڵ یەکتری نەبووایە، وێنە ڕەوانبێژییەکان دروست نەدەبون ((چونکە لە ترازان – لادان - ی دووەمدا کە بە زۆری وێنە ڕەوانبێژییەکان بەرهەم دەهێنن و لە هەمان کێڵگەی واتا فەرهەنگییەکە دایە، واتای دووەم دەبێتە نیشانکار(دال)ێکی نوێ بۆ نیشانکراو(مەدلول)ێکی نوێ: کەواتە سێیەم بەرهەم دەهێنێت، بەو شێوەیە ترازانە سیمانتیکییەکان بەردەوام دەبن تا هەمو، یان زۆرینەی واتاکانی کێڵگەی سیمانتیکی نیشانەکە بەهۆی لێکدانی ڕێڕەو (سیاق) و(وێنەی ڕەوانبێژی) کە پێوەندییێکی گونجاو لەخۆ دەگرن)) (محمد، ٢٠٠٧: ٣٠)، هەر لەم بارەیەوە (جان کۆهین) زۆر بە ڕونی ئاماژە بۆ پرۆسەی گۆڕینی دەلالەت دەکات، لە ڕێگەی لادانە زمانییە بەردەوامەکان بە تایبەتی لە بارەی لەگەڵ یەکتری نەگونجانی دیارخەر و دیارخراو کاتێک دەڵێت ((مرۆڤ گورگە بۆ برای مرۆڤی خۆی)) (کوهن، ١٩٨٦: ١٠٩) لێرەدا لەگەڵ یەک نەگونجانی واتایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە واتای وشەی فەرهەنگی (گورگ) کە گیانلەبەرە ناگونجێت، بەڵام ئەو واتایەی وشەکە لەگەڵ وشەی مرۆڤ، بەڵام ئەو واتا یەکەمەی وشەکە دەمانپەڕێنێتەوە بۆ واتای دووەم کە ئەویش مرۆڤی دڕندەیە و بەمشێوەیەش گونجانی دەلالی دروست دەبێتەوە کە دەتوانین بە پێی ئەم هێڵکارییە ئاماژەی پێ بکەین، کە (د) بۆ دال و(م) بۆ مەدلول بەکارهاتووە:

د ← م١ ← م٢

لێرەدا پەیوەندی نێوان م١ و م٢ پەیوەندییێکی گۆڕاوە بەم پێیەش چەندین جۆر لە خوازە بەرهەم دەهێنێت بەپێی جۆری پەیوەندییەکە بۆیە پەیوەندی لەیەکچون (خواستن) بەرهەم دەهێنێت و پەیوەندی هاوسێیەتیش (درکە) بەرهەم دەهێنێت هەرچی پەیوەندی هەمەکی وهەندەکیشە (خوازەی ڕەها) بەرهەم دەهێنێت، کەچی (کۆهین) وێنەی خواستن بەکار دەهێنێت لە کارەکەیدا بە بەکارهێنانە بڵاوەکەی کە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی وێنە واتا گۆڕەکان (ناظم، ١٩٩٤: ١١٨ – ١١٩) هەر لەبەر ئەوە بە پێی ئەو هێڵکارییەی سەرەوە ڕێرەوی واتا لە دالەوە بۆ مەدلولی یەکەم نەگونجاو وناتەبایە بە پێی ئەو نمونەیەی کە هێناویەتییەوە، چونکە دالی (گورگ) واتایێک و مەدلولێکی پڕ بە پێستی ئەو وشەیە نادات کە خراوەتە پاڵی ئەمەشیان لادانی یەکەمە و بۆ بەدەست هێنانەوەی گونجانی دەلالی پێویستمان بە گۆڕین یان خواستنەوەی دەلالەتێکە بۆ مەدلولی یەکەم کە دەبێتە دال بۆ مەدلولێکی تازە کە (کۆهین) بە مەدلولی دووەم ناوی بردووە، ئەمەشیان پرۆسەی دووەمی لادانە یاخود ئەتوانین بڵێین لادانی دووەمە بۆ بەدەستهێنانەوەی گونجانی واتایی ئەویش بە خواستنەوەی دەلالەتی دڕندە بۆ مەدلولی یەکەم کە گیانلەبەرە.

خستەن پاڵ گرنگترن ئەرکی سینتاکسی زمانە، کە وشەکان پێی هەڵدەستن، بەو پێیەی وشەکان ئەو ئەرکانەیان بەدەست دەخەن لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وشەکانی پێش خۆیان یاخود دوای خۆیان کە ئەوانیش دو جۆری پەیوەندین، بۆیە ئەو پەیوەندییە سیاقی و جیگۆڕکێیانەی لە ڕستەدا بەدی دەکرێن جۆرێک لە گونجان لە نێوان ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتە دروست دەکەن و بە پێی یاساکانی سینتاکسی زمان دەڕۆن، بۆ نمونە (بکەر) پێویستی بە (کار) هەیە...هتد، بە مەرجێک گونجانی دەلالی زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت، کەچی زمانی شیعری لەم ڕووەوە زۆر هەژارە، واتە لە ڕوی گونجانی دەلالی کە زمانی پەخشان لەسەری دامەزراوە بە تایبەتی پەخشانی زانستی، چونکە زمانی شیعریی هەمیشە هەوڵ دەدات کە ئەم ئەرکە سینتاکسییەی زمان پەکبخات تا جۆرێک لە دورکەوتنەوە و دژیەکی و نەگونجانی دەلالی لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا دروست بکات بۆ ئەوەی بگات بە ترۆپکی شیعرییەت، چونکە ئەرکی شیعرییەت هەمیشە بریتییە لە نەگونجان و دژیەکی و دورکەوتنەوە (الرواشدة، ٢٠٠٤: ١٣٩)، هەر لەبەر ئەوەشە زمانی شیعریی لادانی بەردەوامە لە ئاخاوتنی ئاسایی زمان و بە جۆرێک لە زمان دادەنرێت کە دژی یاساکانی سینتاکسی زمانی ڕۆژانەیە.

لێرەدا باس لە سێ جۆری ختسنەپاڵ دەکەین لە نێو ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن)ـدا کە ئەوانیش خستنەپاڵ یەکتری ناو و ناو، ناو و هاوەڵناو و ناو و کارن بەمشێوەیەی خوارەوە:

### ٢.١.١ خستنەپاڵ یەکتری ناو لەگەڵ ناو (ناو + ناو):

ئەمجۆرەی خستنەپاڵ یەکتری بریتییە لە خستنەپاڵی ناوێک بۆ ناوێکی تر تاوەکو واتای ناوی یەکەم فراوانتر بکات، بەمجۆرەش فرێزێکی ناوی بەدەست دەهێنرێت کە لە زمانی پەخشاندا گونجانی واتایی تەواو لە نێوان هەردو جەمسەری فرێزەکە، واتە لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا بەدی دەکرێت، بەڵام لە زمانی شیعریدا ئەم جۆرەی گونجانی دەلالی لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا پێشێل دەکرێت و جۆرێک لە نەگونجان و دژیەکی دەلالی و دورکەوتنەوە لە یەکتری دروست دەبێت، بەم پێیەش جۆرێک لە لادانی لێ دەکەوێتەوە کە پێشی دەگوترێت ئەرکی ناسینتاکسی کە لە بنەڕەتدا لە واتای دژ بە ئەرکی ڕێزمانی و سینتاکسی زمان هاتووە و لە سەر بیرۆکەی ئەوە دروست بووە کە وشەکان ناتوانن ئەو ئەرکە سینتاکسییەیان بەجێ بهێنن کە ڕێزمان بۆی دیاریکردون، ئەمەش زیاتر لەو کاتانەدا ڕو دەدات کە وشەکان بە واتا فەرهەنگییەکانیان بەکارنابرێن وەک لەم نمونەیەدا لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند) نوسەر دەڵێت: ((-لە گەرمەی ئەو پرسیار و وەڵامانە دابوم کە دیسانەوە هەر دو کوکوختییەکە بە فرەفڕی باڵە ماندووەکانیانەوە هاتنەوە ناو باوەشی درەختەکە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٥٨)، لێرەدا مەبەستمان لە فرێزی ناوی (باوەشی درەختەکە)ـیە، کە فرێزێکی ناوییە و لە هەردو ناوی (باوەش) و(درەخت) پێک دێت کە خراونەتە پاڵ یەکتری، هەرچەندە بە پێی یاسای خستنەپاڵ یەکتری

سینتاکسی زمان هیچ لادانێک یاخود هیچ پێشێلکردنێک بەدی ناکەین، بەڵام لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بە هیچ شێوەیێک ئەم دو وشەیە لەگەڵ یەکتریدا نایەن، چونکە وشەی (باوەش) تایبەتە بە مرۆڤ، کەچی وشەی (درەخت) بە هیچ شێوەیێک باوەشی نییە، بۆیە ئەم وێنەیە وێنەیێکی هاودژ و لەیەک دورە، کۆکردنەوەی هەردو وشەکە پێکەوە بە پێی بیر وڕاکانی (جان کۆهین) لادانی یەکەم و جۆرێک لە نەگونجانی واتایی بە دیار دەکەوێت بۆیە پێویستی بە قۆناغی دووەمی لادانە تاوەکو لادانی یەکەم ڕەت بکەینەوە و گونجانێکی دەلالیش بەدەست بهێنینەوە کە ئەمەش لە ڕێگای خواستنەوەی واتا و دەلالەتێکی ترە جا چ لەسەر ئاستی لێکچون بێت یاخود هاوسێیەتی یاخود هەمەکی و هەندەکی بۆ یەکێک لە دو وشە پێکهێنەرەکەی دەستەواژەکە، بۆیە خوێنەر یاخود وەرگر ناچارە پەنا بباتە بەر جۆرێک لە گۆڕینی واتا و دەلالەت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر لە وشەی (باوەش) ورد ببینەوە ئەو شوێنەی مرۆڤە کە لە کاتی هەستکردن بە سۆز و خۆشەویستی بۆ کەسێکی تر بۆی دەکاتەوە، کە بێگومان کەسی بەرامبەریش لەنێو ئەو باوەشەدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکات لەبەرئەوە سەر لق وپۆپی درەختەکان گونجاوترین و باشترین شوێنن کە باڵندە و فڕندەکان تیایدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەن لەبەرئەوە نوسەر وشەی (باوەش)ی لە مرۆڤەوە خواستۆتەوە بۆ (درەخت) بە واتا فەرهەنگییەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی کە خوێنەر (وەرگر) لێی باردەکات و پێی دەوترێت واتای بارکراو، هەروەها نوسەر لە شوێنێکی تری هەمان ڕۆماندا دەڵێت: ((دانەدەنیشت...بێ ئاگا لە من، بێ ئاگا لە ترس و تۆقینی ناو ڕۆح و دڵەچکۆڵەکەم...خۆشی لێ دەهات کەوتۆتە سەر لەپی (با) و دەفڕێ...وەک پەروانە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٦٥)، لەم فریزە ناوییەشدا کە بریتییە لە (لەپی با) دو وشەی لەگەڵ یەک نەگونجاو و دور لە یەکتری خراونەتە پاڵ یەکتری، کە بە هیچ شێوەیێک لە زمانی ئاسایی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لەگەڵ یەکتریدا نایێن، چونکە (با) (لەپ)ی نییە و تایبەتە بە مرۆڤ و نوسەر ئەم تایبەتمەندییەی لە مرۆڤدا هەیە داویەتییە (با)، تاوەکو جۆرێک لە ناچاوەڕوانکراو بخولقێنێت و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بشکێنێت و توشی جۆرێک لە سەرسوڕمان و تێڕامانی بکات جگە لەم دو نمونەیەش چەند نمونەیێکی تر تەنها دەخەینەڕو:

((- دو چاوی ڕۆشن و داگیرساو))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٢).

((- خەرمانی قژ))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٣).

((- ڕۆحی جۆگەڵە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٤).

((- کچی هەتاو))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٢٠).

لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کۆژراوەکان)یشدا نوسەر دەڵێت: ((ئەم باسکە ناسکانە، ئەو دەست و پەنجانەی هەنگوینی سۆزیان لێ دەتکێت، هی ئەوە نین مانگا بدۆشن و کا و جۆ لەبەردەم لموزی نێرەکەرەکەت ڕۆکەن))(حەسەن، ٢٠١٧: ٥٦)، نوسەر لێرەدا لە وەسفی دەست و پەنجەکانی (هەمین)یدا فریزی (هەنگوینی سۆز) بەکار دەهێنێت کە ئەگەر سەیری دو وشەکە بکەین هەردوکیان ناون و دراونەتە پاڵ یەکتری کە (هەنگوین) دیارخراوە و(سۆز)یش دیارخەرە، بەڵام ئەوەی جێگای تێرامانە ئەم دو وشەیە بە هیچ شێوەیێک لەگەڵ یەکتریدا نایێن لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا، کەچی نوسەر بە یەکەوەی کۆ کردونەتەوە بۆ ئەفراندنی ئەتمۆسفێرێکی وا کە بیر و خەیاڵی خوێنەر بجوڵێنێت کە مەبەستی نوسەر ئەوەیە بە شێوەیێکی ناڕاستەوخۆ باس لە سۆز و میهری (هەمین)ێ بکات لە ڕێگەی بەخشینی سیما و واتای وشەیێکی وەک (هەنگوین)، کە هەمیشە بۆ خواردنە بۆ دەستەکانی (هەمین)ێ، جگە لەوەی کە خستویەتییە پاڵ وشەی (سۆز)، کە لە واقیعدا وشەی (سۆز) نە سیفەت و نەحاڵەتی هەنگوین، وەک دەلالەت نادات بە دەستەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە نوسەر بۆ گەیاندنی واتا بە شێوەیێکی ئیستاتیکییانە و بە زمانێکی تژی لە شیعرییەت پەنا بباتە بەر گەیاندنی دەلالەت بە شێوەیێکی ناڕاستەوخۆ. هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((هەمو شەوێک لە وەتەی ڕەدوکەوتووە، ترسێکدات دەگرێ، لە قەهری ئەو غوربەتە ئەو لە حەژمەتی تەنیایی و لە ترسی تارمایی مەرگ، ئەو لاوکەی بۆ دەچڕی کە خوێن لە دڵی دەدەڵێنێ))(حەسەن، ٢٠١٧: ٨٠)، ئەگەر سەیری دەستەواژەی (تارمایی مەرگ) بکەین، هەردو جەمسەری دەستەواژەکە، کە بریتین لە هەردو ناوی (تارمایی) و(مەرگ) دور لە یەک و لەگەڵ یەک نەگونجاون، بەڵام نوسەر بە مەبەست داوینییەتە پاڵ یەکتری بۆ کردەی گومڕاکردن و وێڵکردنی خوێنەر، کە ئەو جۆرە وێنە هاودژانە وا لە خوێنەر دەکەن لە حاڵەتێکی هەڵچونی ویژدانیدا بژیت، چونکە دەق یاخود نوسەر ڕوانینێکی ئەستەم و ناحەقیقی بەسەر بیر و فیکر و خەیاڵ و ڕۆشنبیری خوێنەر دەسەپێنێت و وای لێ دەکات بەهۆی ئەقڵ و زەینەوە بگەڕێت بە دوای ئەو پەیوەندییانەی کە وا دەکەن کە نائاسایی و ئەستەم بکەن بە شتێک کە دەشێ و ئاساییە (علیات، ٢٠٠٤: ٣٢٢)، ئەگەر سەیری ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە بکەین دەبینین کە وشەی مەرگ بەهیچ شێوەیێک بینراو نییە تاوەکو تارمایی هەبێت، بەڵام نوسەر بە ئەنقەست وشەی تارمایی داوەتە پاڵ بەمەش جۆرە لادانێکی سیاقی دروست کردووە، کە بە هیچ شێوەیێک قبوڵ ناکرێت تەنها لە ڕێگەی ڕەواندنەوەی ئەو مانا و دەلالەتە نەگونجاو و دور لەیەکە، بۆیە لە قۆناغی دووەمدا دەبێ ئەو لادانە بڕەوێندرێتەوە لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و گۆڕینی واتا و دەلالەتی یەکەمی یەکێک لە دو وشە سەرەکییەکەی پێکهێنەری ئەو فریزەدا، بە واتایێکی تر بە پەنا بردنە بەر خواستن و دەبێ خۆی تێ هەڵقورتێنێ بۆ ڕەواندنەوەی ئەو لادانەی کە لە پێکەوە کۆ کردنەوەی هەر دو وشە هاودژەکە کەوتۆتەوە، بێگومان بە هێزی هاودژی و لە یەکدوری واتای هەردو وشەکە لەگەڵ توندی گۆڕینی دەلالەتی پێویست دەگونجێت، واتە دەشێت لەگەڵ مەودای نێوان واتای حەقیقی و مەجازی وشەکان، واتە تا چەند دو وشەکە لە واتا و دەلالەت لەگەڵ یەکتری دور وهاودژ بن ئەوەندە زیاتر گرانی دەکات لەسەر خوێنەر تاکو واتا و دەلالەتێک بخوازێتەوە بۆ بەدەست هێنانەوەی گونجانی دەلالی.

لێرەدا چەند نمونەیێکی تر تۆمار دەکەین تەنها وەک ئاماژە لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان):

(( -نەوای حوزنێکە ئەبەدی))(حەسەن، ٢٠١٧: ٩١).

(( -ئەسپی حەزێک هەڵی گرت))(حەسەن، ٢٠١٧: ٩٨).

(( -نەبا بەر ڕەشەبای شێتی ئەو عاقڵانە بکەون))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٤٥).

لە ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)شدا دەڵێت: ((سەیری منارە تەنیاکەت دەکرد و لە بێوەمێردێک دەچوی کە تەمی خەمێک دەوری سەر و ڕوخساری گرتبێت))(حەسەن، ٢٠١١: ١٠٥)، لێرەشدا وێنەی دژیەکی (تەمی خەمێک) دەبینین هەردو ناوی (تەم) و(خەم)ی داونەتە پاڵ یەکتری کە لە زمانی ئاساییدا لەگەڵ یەکتری ناگونجێن، بۆیە جۆرێک لە نەگونجانی واتایی دروستکردووە و بۆ بەدەست هێنانەوەی گونجانی دەلالی دەبێ واتا مەجازییەکەی یەکێک لە دو ناوەکە بخوازینەوە تاوەکو قەبولکراو بێت بۆیە دەتوانین بڵێین کە خەمی ئەوەندە زۆرە وەک تەمێک لەسەر و ڕوخساری ئالاوە، جگە لەوەی لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

((یادگارییەکانی، کەل وپەل و تفاقەکانی، زۆر گرانتر بوو بگەڕێنەوە بۆ ڕابردویەک کە مەحاڵ بوو بەم درەنگ وەختە چرکە و خولەک و سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی کە دەیەها شتی جوانی لەگەڵ خۆیدا برد و کوشت...وەها ئاسان زیندو بکرێنەوە، بۆ سەردەمێک کە هەموو شتێکی خستە ژێر تەپ و تۆز، تازە مەحاڵە بێ ترس ودرۆ ودوودڵی و ڕق و گومان باس لەو ڕابردووە بکرێ، لە ئایندەیێک کە لە کۆشی غەیب دایە، لەناکاو بە قەهرێکەوە داوای لە بەهرام کرد))(حەسەن، ٢٠١١: ١٥١)، لێرەدا دەستەواژەی (کۆشی غەیب) کە بریتییە لە دیارخەر و دیارخراوێک کە لەگەڵ یەکتریدا نەگونجاون، چونکە (غەیب) ناوێکی ئەبستراکتە و بە هیچ شێوەیێک خاوەنی (کۆش) نییە، بەڵکو نوسەر شتێکی تایبەت بە مرۆڤی داوەتە ناوی (غەیب) کە لە بنەڕەتدا نیەتی، ئەمەشیان بۆ بەخشینی دەلالەتێکی تازەیە کە لە مانا و مەبەستی (کۆش)ـدا هەیە، کە ئەویش مرۆڤ کۆشی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ هەڵگرتن و تێکردنی شت یاخود بۆ دانیشتنی کەسێک تیایدا، لەم وێنە دژیەکەدا شتێکی تایبەت بە مرۆڤ کە بەرجەستەیە داویەتی بە ناوێک کە ئەبستراکتە ئەویش (غەیب)ـە، ئەمەش ڕامان و تێبینی کردنێکی وردی دەوێت لەلایەن خوێنەر تاوەکو بتوانێت پێکهاتەی وێنەکە هەڵبوەشێنێتەوە و دوبارە بونیادی بنێتەوە، لە ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)ی نوسەر، دەیەها وێنەی دژیەک بەرچاو دەکەون، بەڵام لەبەرئەوەی میتۆدی توێژینەوەکەمان شێوازناسی نییە و بە تایبەتیش شێوازناسی ئاماریی، ئێمە هەوڵ دەدەین تەنها چەند نمونەیەک ڕاڤە بکەین و ئەوانی تریش تەنها ئاماژە بە هەندێکیان بدەین

(( -منیش بە ژەهری خۆشەویستی تیاچووم))(حەسەن، ٢٠١١: ١٩٣).

(( -هەرچی دەوترا هەڵکوڵێنی برینێک بوو))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٠٤).

(( -کێ دەتوانێت سەدەها بازنە و دیواری ئەستوور و هەڵچنراو لە مەردووم ببڕێت، کە ڕەشبەڵەکی خوێن ساز و گەرمی کردوون))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٢٨).

(( -کەس نەزانم وەک ئاسەواری گوناهێک ونی دەکەن و دەیشارنەوە))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٤٠).

لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ـشدا چەندین نمونەی جوان و خەیاڵ بزوێن بەرچاو دەکەون بۆ نمونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ((دەر و دراوسێ و کەسانی نزیک لە من، گەورە و بچووک دەیانپرسی کە بۆچی مێرمنداڵێکی وەک من ئەوەندە گۆشەگیر بووە، بۆچی لە پرسە جەرگبڕەکان زەماوەندە زێرەوشانەکان لە قوژبنێکی کەلاوەکاندا یان بن دیواری قەسابخانەکەی دەرەوەی شاردا، یان لە ژێر دارستانە هەتیوەکەی شاردا هۆن هۆن دەگریام))(حەسەن، ٢٠١٥: ٨)، ئەگەر سەیری وێنەی (دارستانە هەتیوەکە) بکەین دەبینین دەستەواژەیێکی ناوییە و لە هەردو ناوی (دارستان) و(هەتیو) پێکدێت کە خراونەتە پاڵ یەکتری کە خوێنەر هەرگیز چاوەڕوانی هاتنیان ناکات بەیەکەوە بۆیە ئاسۆی چاوەڕوانی دەبەزێنێت و بۆ ڕاڤەکردنی ئەم وێنە هاودژە دەبێت دەلالەتێکی تازە بخوازینەوە تاوەکو گونجانی دەلالی بەدەست بهێنینەوە لە نێوان دیارخەر و دیارخراوەکەدا ئەویش بەمشێوەیە، کە واتا و دەلالەتی تر لە وشەی هەتیو بخوازینەوە کە بریتین لە (گرنگی پێ نەدان، بێ ناز کەوتو، برسییەتی وتینوێتی، ڕوتی ورەجاڵی، تەنها بەمشێوەیە دەتوانین گونجانی دەلالی بەدەست بهێنینەوە کە بڵێین: دارستانەکە بێ خزمەت و بێ ئاو و وشکبو دەردەکەوێت وەک هەتیوێک.

نوسەر لە شوێنێکی دیکەی هەمان ڕۆماندا دەڵێت: ((وای لە چاوانی من کە بێجگە لە مەرگ و کارەسات هیچی دیکەی نەدەبینی و هەنوکەش هەر نایبینێت، وای لە من کە بە خاچی خەمی هەمووانەوە هەڵواسراوم))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٨)، لێرەشدا گرێی ناوی (خاچی خەم) یەکێکی دیکەیە لە وێنە هاودژ و لەگەڵ یەک نەگونجاوەکان، هەردو جەمسەری فرێزە ناوییەکە کە بریتین لە (خاچ) و(خەم) لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن ولە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا لەگەڵ یەکتریدا نایێن بۆیە جۆرە لادانێکی دەلالی لێ کەوتۆتەوە و بۆ بەدەستهێنانەوەی گونجانی دەلالی و ڕەواندنەوەی لادانەکە پێوستە سیفەتی ئازار و نەهامەتییەکانی هەردو ناوەکە بۆ یەکتری بخوازینەوە، جا چ سیفەتی (خاچ) بدەین بە (خەم) یانیش بە پێچەوانەوە سیفەتەکانی (خەم) بدەین بە (خاچ) تەنها بەمشێوەیە دەتوانین گونجانی دەلالی بەدەست بهێنینەوە، لێرەدا چەند نمونەیێکی تر دەخەینە ڕو کە ئەمانەن:

(( -لەوە دەچێت چاوەکانم ودڵ وڕۆحم لەلای کەسانێک ولە وڵاتێکی دیکە بە جێ هێشتبێت، من بۆ مانەوە وجوانی زیندەگی خۆم گەیاندە ئێرە لە تارمایی مەرگ خۆم دور خستەوە))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٧).

(( -تەمی شەرمێک نیشتە سەر ڕوخساری))(حەسەن، ٢٠١٥: ١١٣).

(( -کەچی باخەکەی من وئەم بۆنی مەرگی لێ دەهات))(حەسەن، ٢٠١٥: ٢٣٦).

### ٢. ١. ٢ : خستنەپاڵ یەکتری ناو وهاوەڵناو (ناو + هاوەڵناو):

کە ئەمشیان هەر فرێزی ناوی دروست دەکات، بەڵام جیاوازییەکەی لەوە دایە یەکێک لە دو جەمسەرەکەی فرێزەکە هاوەڵناو دەبێت، ئەمجۆرە لادانەی، کە وێنەی هاودژی لێ دەکەوێتەوە بەهۆی خستنەپاڵی هاوەڵناوێک بۆ ناوێکی دیاریکراو، کە بە هیچ شێوەیێک بەسەر ناوە وەسفکراوەکە جێبەجێ نابێت و لەگەڵیدا ناگونجێت، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو فرێزەی دروست دەبێت لە خستنەپاڵ یەکتری ناوێک وهاوەڵناوێک کە بە هیچ شێوەیێک ئەو سیفەتەی خراوەتە پاڵ ناوەکە بەسەریدا جێ بەچی نابێت مەگەر دەلالەتێکی تازەی بۆ بخوازینەوە بۆ ئەوەی گونجانی دەلالی بەدەست بهێنینەوە.

وەک ئاشکرایە هاوەڵناو وەسفی ناو دەکات و ناوەکەشی وەک زاراوە هەر لەوەوە هاتووە کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش بریتین لە (هاوەڵ + ناو) کە وشەی یەکەمیان بە واتای هاوڕێ، برادەر، هاودەم دێت، واتە ئەو وشەیەیە کە تەنها و تەنها دەخرێتە پاڵ ناو و وەسفیشی دەکات ئەو جۆرە فرێزانەش بەم دو شێوەیەی خوارەوە دروست دەبن:

١ – ناو + ئامرازی خستنەپاڵی (ی) + هاوەڵناو، وەک (ئاسمان + ی + شین).

٢ – ناو + ئامرازی خستنەپاڵی (ە) +هاوەڵناو، وەک (پیاو + ە +مەردەکە).

کەچی لە هەندێ باردا هاوەڵناوەکە دەکەوێتە پێش ناوە وەسفکراوەکە، بەڵام ئەم جۆرەیان زیاتر بۆ دروست کردنی ناوی لێکدراو بەکاردێت یاخود حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی جیگۆڕکێی هاوەڵناو کە بە دیاردەی (هاوەڵناوی وەرگەڕاو) ناسراوە – کە ئەمشیان دوایی باسی دەکەین – وەک (ڕەشەبا)، کە هاوەڵناوی (ڕەش) کەوتۆتە پێشەوەی ناوی (با) و بەهۆی ئامرازی خستنەپاڵی (ە) بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام ئەگەر لەمجۆرە دەستەواژانە بڕوانین زیاتر دەچنە خانەی ناوی لێکدراو ئەوەندەی بە فرێزی ناوی بناسرێن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زیاتر ئەو وێنە هاودژانەن، کە بەهۆی خستنەپاڵی هاوەڵناوێکی نەگونجاو لە ڕوی دەلالییەوە بە ناوێکی دیاریکراو، وەک زانراویشە کە نەگونجانی دەلالی لە نێوان ناو و هاوەڵناو جۆرێک لە شیعرییەت دەسازێنێ وڕاددەی شیعرییەتەکەش بەندە بە ڕاددەی زیادی و دوری واتای هاوەڵناوەکە بۆ ناوە وەفسکراوەکە، بۆیە ئەگەر بە وردی سەیری ئەو وێنانە بکەین کە لە خستنە پاڵ

یەکتری هاوەڵناوێک و ناوێکی دیاریکراو دروست دەبن هەرچەندە لە ڕوی یاسای خستنەپاڵ یەکتری زمان ڕاست و دروستن، بەڵام لە ڕوی دەلالییەوە بە هیچ شێوەیێک لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن بۆ نمونە لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا ئەم دەستەواژەیەمان بەرچاو دەکەوێت: ((ستونێک لە هەتاو و سێبەری شینباو، کە هێدی هێدی دەبوو بە ڕەنگامە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٢٠)، لێرەدا ئەگەر لە فرێزی ناوی (سێبەری شینباو) بروانین لە ڕوی یاساکانی سینتاکسەوە زۆر تەواوە و هیچ کێشەیێکی نییە، چونکە بەپێی یاسای خستنەپاڵ یەک دروست بووە، وەک لە پێشەوە باسمان کرد (ناو + ئامرازی خستنەپاڵی (ی) + هاوەڵناو)، بەڵام لە ڕوی دەلالییەوە بەهیچ شێوەیێک هەردو وشەی (سێبەر) و(شینباو) لەگەڵ یەکتریدا نایێن و جۆرێک لە نەگونجانی دەلالی دروست کردووە، بۆ ڕەواندنەوەی لادانەکە و بەدەست هێنانەوەی گونجانی دەلالی پێویستە واتاییێکی تر بۆ هاوەڵناوی (شینباو) بخوازینەوە، یاخود لە هەمان لاپەڕە دەستەواژەی (گەوهەری ڕەش)مان بەرچاو دەکەوێت بێگومان لەمەشیان نوگونجانی دەلالی لە نێوان ناوی (گەوهەر) وهاوەڵناوی (ڕەش)دا بەدی دەکرێت، چونکە لە وجوددا بە هیچ شێوەیێک (گەوهەری ڕەش) بونی نییە، بۆیە بۆ بەدەست هێنانەوەی گونجانی دەلالی پێویستمان بە خواستنەوەی دەلالەتێکە بۆ واتای هاوەڵناوی (ڕەش)، یاخود زۆر جاریش وا پێویست دەکات، کە دەلالەتە تازەکە لە خودی ئەو سیاقەدا بخوازینەوە کە دەستەواژەکەی تێدا بەکار هاتووە، بۆ نمونە لێرەدا نوسەر وەسفی چاوە ڕەشەکانی (شیرین)ی یارەکەی دەکات، کە یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، کەواتە لێرەدا ئەمجارە بۆ بەدەستهێنانەوەی گونجانی دەلالی پەنامان بردە بەر خواستنەوەی دەلالەتێکی تازە لە خودی ئەو سیاقەی کە دەستەواژەکەی تێدا بەکارهاتووە کە ئەمەشیان جۆرێکی تایبەتە لە ڕاڤەکردن، بۆ بەرچاوڕونی تەنها چەند نمونەیێک ئاماژە پێ دەدەین:

(( -لەو ڕۆحە ڕوناکەوە زرنگانەوەیەک لە ترس و شەرم هەوای چواردەورمی خستە سەر گێژەلووکە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٢٠).

(( -شکابوومەوە بەسەر سۆزێکی ساوا و سادە و دێرین کە هەنووکە لەدڵما زۆر پیر بووە و ناینامسمەوە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٣١)، لەم نمونەیەدا لە جیاتی هاوەڵناوێکی نەگونجاو نوسەر چوار تاکە هاوەڵناوی نەگونجاوی داوەتە پاڵ ناوی (سۆز)، کە هەر چوار هاوەڵناوی (ساوا، سادە، دێرین، پیر)ن یەک لە دوای یەک.

(( -سینە و بەرۆکی خنکاو))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٤٣)).

(( -لە خوێنی کەسکی خۆیان دەگەوزین))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٩)).

(( -خەوێنکی بابردوو))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٩))

(( -گوێم لە وژەوژێکی غەمگین بوو))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٣٣)).

(( -تروسکاییەکی شەرمن و مردووی لەگەڵ دەهات))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٧٧)).

(( -جۆرە لەززەتێکی شەیتانییانەم لەو دەردە دەبینی))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٩١)).

(( -دایکم بینی هەر وەک پەیکەرەکەی جارانە وفرمێسکی بەردینی بەسەر ڕوومەتەوە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٩٦)).

لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)یشدا ئەم وێنەیە ڕاڤە دەکەین، کە دەڵێت: ((ئەویش ژنە کرمانجێکی داماو لە نێوان ئارەزوویەکی کوژراو و بەیانیەکی ماندوودا...سەری داگرت))(حەسەن، ٢٠١٧: ٥٥))، لەم نمونەیەشدا هەردو دەستەواژەی (ئارەزویەکی کوژراو) و(بەیانیەکی ماندو) هەردوو هاوەڵناوی (کوژراو) و(ماندو) ناتەبان لەگەڵ هەردو ناوە وەسفکراوەکاندا کە بریتین لە (ئارەزویەک) و(بەیانیەک)، ئەمەش چەند نمونەیەکی دیکە:

(( -بەهەشتی دۆڕاو))(حەسەن، ٢٠١٧: ٥٧).

(( -پێکەنینێکی خنکاو))(حەسەن، ٢٠١٧: ٥٩).

(( -ختوکەی شیرین و تەزووی بەتام))(حەسەن، ٢٠١٧: ٦٧).

(( -تریفەی شیرین))(حەسەن، ٢٠١٧: ٦٩).

(( -خۆشیەکی کورت و دزراو))(حەسەن، ٢٠١٧: ٩١).

(( -تاوەکو جنێوی مزرت پی بدات))(حەسەن، ٢٠١٧: ١٢٢).

(( -کەسی دیکە نا، هەر خۆت و حەیرانێکی بریندار))(حەسەن، ٢٠١٧: ٧٦).

(( -ڕەشۆڵە وەک بارانی ڕەش هەڵدەورین))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢١٨).

(( -لەو ڕۆژە ڕەشەدا، ڕۆناهی مردووی ئاسمان و تریفەی تەزیو و تازە هەڵهاتووی مانگ))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٥٤).

لە ڕۆمانی (ژێنک بەسەر منارەوە)شدا دەڵێت: ((ئەم حەز وهەوەسە گەرم و شەهوەتە سورەی ئەو هەمو کوڕ و کاڵەی گەڕەکێ))(حەسەن، ٢٠١١: ٨٩)، دەستەواژەی (شەهوەتی سوور)، کە بە هیچ شێوەیێک هاوەڵناوی (سوور) لەگەڵ ناوی (شەهوەت)دا ناگونجێت، چونکە لە واقیعدا (شەهوەت) ناوێکی ئەبستراکتە وبێ ڕەنگە، بەڵام نوسەر ڕەنگی (سوور)ی داوەتە پاڵ، بێگومان لێرەشدا دەبێ بۆ خواستنەوەی واتایەک بگەڕێین بۆ هاوەڵناوی (سوور) تاوەکو گونجانی دەلالی بەدەست بهێنینەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ئەو سیاقەی کە دەستەواژەکەی تێدا بەکارهاتووە یاخود بە گەڕانەوە بۆ دەلالەتەکانی (شەهوەت) لە نێو کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش چەند نمونەیێکی ترن کە تەنها ئاماژەیان پێ دەکەین:

(( -پڕ لە دڵی کوژراو و چاوی کوژاوە و ڕۆحێکی مردوو))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٠٣).

(( -حەقایەتی ڕەش وجەهەننەمی))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٠٣).

(( -چیرۆکێکی بریندار))(حەسەن، ٢٠١١: ٢١٨)).

(( چ خەیاڵێکی ڕەشە، چ مۆتەکەیەکە، شارێکی شێت و پڕ لە حەقایەتی درۆ))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٢٠).

(( -هەر لەتێکی لە سەعاتێکی خوێناویدا، لە ڕۆژێکی تاریکدا، لە شەوێکی تەنیاییدا، لە مانگێکی شەونەبڕاوەدا ولە ساتێکی سیادا))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٤٥).

لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)شدا ئەم نمونەیە دەخەینە ڕو و ڕاڤەی دەکەین کە دەڵێت: ((تاوتاوێک کە کەیفێکی تەنک لە دڵمدا دەگەڕێ))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٥))، لەم نمونەیەدا هاوەڵناوی (تەنک) بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوی (کەیف) ناگونجێت، جگە لەوەی سیفەتی شتێکی بەرجەستە، کە (تەنک)ـە دراوە بە ناوێکی ئەبستراکت کە (کەیف)ـە و بە هیچ شێوەیەک نابینرێت، لێرەشدا ئاماژە بە چەند نمونەیەکی تر دەدەین:

(( -ئەو ژوانە شیرینانە))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٨).

(( -ئەو هەتاوە شەرمنەی هاوین))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٨).

(( -کەچی ماچە ژەهراوییەکەی هێشتا بەسەر ڕوومەتمەوەیە))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٢).

(( -لە ناوەوە وەک مەنجەنیقێک دەکوڵێم و بە ژانێکی ڕەشەوە قوڵپ دەدەم))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٨).

(( -شەڕە جوانەکانە))(حەسەن، ٢٠١٥: ٧٥).

(( -هێشتا نوقمی خەیاڵی ڕەشی خۆم بووم))(حەسەن، ٢٠١٥: ٨٤).

(( -لەو شەوە تەواو سپی و خنکاوەدا))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٢٠).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

**٢.١.٣ :خستنەپاڵ یەكتری ناوێك وكارێك، واتە (ناو + كار):**

لە زمانی شیعریدا زۆر جار كارێكی دیاریكراو دەدرێتە پاڵ ناوێك لە ڕستەیێكدا كە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بۆی بەكار نایەت و بە یەكەوە كۆ نابنەوە، بەڵام شاعیر یاخود نوسەر بۆ بە ئەنجامگەیاندنی جۆرێك لە ئیستاتیكا و جوانی بە ئەنقەست كارێكی دیاریكراو دەخاتە پاڵ ناوێك كە لە ڕوی یاساكانی سینتاكسی زمانەوە لەگەڵ یەكتریدا دەگونجێن بە گوێرەی یاسای بە دوای یەكداهاتنی كەرەستەكانی ڕستە، بەڵام لە ڕوی واتاییەوە لەگەڵ یەكتریدا ناگونجێن، بۆ نمونە لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)دا نوسەر دەڵێت: ((من تەنها لەسەر نامە و پۆستەرەكان دەژیام و دەلەوەڕام))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٧)، لەم نمونەیەدا كاری (دەلەوەڕاند) بۆ خواردن بەكاردێت بە تایبەتی بۆ ئاژەڵ بەڵام نوسەر داویەتییە پاڵ (من)، هەروەها لە ڕستەكەدا بەركارەكانی (نامە) و(پۆستەرەكان) نەگونجانی نێوان كار وناوەكەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە، كە بە هیچ شێوەیەک (نامە) و(پۆستەر) بۆ خواردن ناشێن، بەڵام نوسەر بە شێوەییێكی ناڕاستەوخۆ واتای خستۆتە ڕو، واتە لە ئەنجامی فرۆشتن بێت یاخود هەر شتێكی تر بۆ نامە و پۆستەرەكان نوسەر ژیان و خواردن مسۆگەر دەكات، لە شوێنێكی تردا دەڵێت: ((خۆر گرانتر لە من دەجوڵا و هیلاكتر لە من چاوانی هەڵدێنا))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٠١)، لێرەدا نوسەر كاری (چاوهەڵێنان)ی داوەتە (خۆر) لەبەرئەوە جۆرە نەگونجانێكی دەلالی لێ كەوتۆتەوە، بۆ بەدەستهێنانەوەی گونجانی دەلالی پێویستە بە دوای واتاكانی (چاوهەڵێنان)دا بگەڕێین و واتای تری بەبەردا بكەین، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین بڵێین نوسەر مەبەستییەتی بڵێ (خۆر) كە وەک چاو وایە هێدی هێدی هەڵدێت لە ئاسۆوە، كەواتە نوسەر بە شیوەیێكی ناڕاستەوخۆ واتا و دەلالەتی هەڵهاتنی خۆری خستۆتە ڕو، لێرەشدا چەند نمونەیێكی تر تەنها ئاماژە پێ دەدەین:

(( -جۆگەڵە ڕاكردووەكان))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٧٢).

(( -هەموو دەنگەكان لە ڕۆحمدا دەمردن))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٠).

(( -هەموو ڕەنگەكان لە چاوانمدا دەكوژانەوە))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٠).

(( -تاوتاوێك تەمەكەی دەترساند))(حەسەن، ٢٠٠٣: ١٢٥).

لە ڕۆمانی (پێدەشتی كارمامزە كوژراوەكان)یشدا لە شوێنێكدا دەڵێت: ((ژنێكی ماندو، كە هەمیشە بەدەم خەمەوە خەونی بە كوژرانی خۆیەوە دەدی و ڕادەچەنی، پەلی دەكوتا پێڵوی دەفڕی))(حەسەن، ٢٠١٧: ٤٩)، ئەگەر سەیر بكەین لەم نمونەیەدا كاری (فڕین)ی داوەتە پاڵ ناوی (پێڵو)، كە لە بنەڕەتدا كارێكە تایبەتە بە باڵندە و فڕندە و فڕۆكەوە، بەڵام نوسەر بە ئەنقەست داویەتییە پاڵ(پێڵو)، كە پێڵو بە هیچ شێوەیێک نافڕێت تاوەكو بە شێوەیێكی ناڕاستەوخۆ واتا دەربڕێت، ئەویش لە ڕێگای بەكارهێنانی كاری (فڕین) كە زیاتر مەبەستی ئەوەیە كە بڵێت خەو نەئەچووە چاوانی، واتە پێڵوەكانی هەمیشە كراوە بون، لە شوێنێكی تردا دەڵێت: ((لەوە دەترسای لە نیوەی ڕێ بباریٚ، تا دەگەیتەوە ماڵێ ئێسقانەكانیشت تەڕ دەبن))(حەسەن، ٢٠١٧: ١٣)، لەم نمونەیەدا لەبەر ئەوەی ئێسقان بە گۆشت داپۆشراوە تەڕ نابێت، بەڵام نوسەر مەبەستییەتی لەبەر بە خوڕی باران و ڕۆیشتنی زۆر لەبەر باران هەمو جەستەی تەڕ دەبێت، كەواتە مەبەستی شاعیر لە تەڕبونی ئێسقانەكان تەنها بۆ دەربڕینی زێدەڕۆیی دیمەنەكەیە و گەیاندنی واتاشە بە شیوەیێكی ناڕاستەوخۆ و كاریگەر و ئیحابەخش، لێرەدا چەند نمونەیێك دەخەینە ڕو:

(( -ناومۆخی ئێسقانەكانت ئارەقەیان دەكرد))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٢٥).

(( -هەر دەتووت شار دەعبایێكی بێ دڵە و كوێرایی داهاتووە و هیچ نابینێت))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٤١).

(( -ئەو سەدا و خوێندنە كە شەپۆڵە نووستووەكانی تاریكی دەشێوێنێ))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٥٧).

(( -ترپەی دەخاتە سەما))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٥٧).

لە ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)شدا لە شوێنێكدا دەڵێت: ((لەوەدایە گرەكە بە ترس و شەرمەوە یان بە فێڵەوە دزە بكات و پاشان بە هەزاران پەل وپۆی كڵپە و بڵێسەوە یان پێڵەوە زمانی بگاتە هەمو شتێک و هەرچی هەیە هەڵی لوشێت))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٠٩)، لێرەدا نوسەر هەر دو كاری (دزەكردن) و(هەڵ لوشین)ی داونەتە پاڵ ناوی (گڕ)، كە بە هیچ شێوەیێک لە واقیعدا لەگەڵ گڕدا نایەن، بەڵام مەبەستی نوسەر ئەوەیە لە كاری (دزەكردن)ی ئاگر بە شێوەی سوتانی لەسەرەخۆ لەژێرەوە بڵاوبێتەوە، مەبەستی لە (هەڵ لوشین)یش سوتانی هەمو شتێكە، كە نوسەر یەک لە دوای یەک ڕیزی كردون، لە شوێنێكی تردا دەڵێت: ((مەرگ نەیدەتوانی چا بخواتەوە و پیاڵەكەی لە دەست دەكەوتە خوارەوە))(حەسەن، ٢٠١١: ١٠٣)، لەم نمونەیەشدا كاری (خواردنەوە)ی داوەتە پاڵ مەرگ كە لەگەڵیدا ناگونجێت، لێرەشدا چەند نمونەیێكی تر ئاماژە پێ دەدەین:

(( -ڕووەو شینایی ئاسمان و خۆ لە هەتاودا دەشۆن))(حەسەن، ٢٠١١: ٥١).

(( -باوەشە گەرمەكانی كوژابێتەوە))(حەسەن، ٢٠١١: ٢٥١).

لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)شدا نوسەر لە شوێنێكدا دەڵێت: ((شارەكە بەم چلەی زستانە ئارەقە دەكاتەوە))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٤)، لێرەدا نوسەر كاری (ئارەقە دەكاتەوە)ی خستۆتە پاڵ ناوی (شارەكە) كە كاری (ئارەقەكردنەوە) تایبەتە بە مرۆڤ و گیانلەبەرانەوە، كەچی نوسەر بە ئەنقەست داویەتییە پاڵ (شار) كە لەگەڵیدا نەگونجاو و هاودژە، بۆیە و ێنەیێكی لە یەک دور و هاودژی لێكەوتۆتەوە، بۆ گەڕاندنەوەی گونجانی دەلالی و ڕەواندنەوەی ئەو لادانە پێویستە لە سیاق و خودی ناوەوەی دەق بە دوای ماناكەیدا بگەڕێین، ئەم ڕستەیە بێ گومان لە سیاقێكدا گوتراوە كە كاتەكەی ناوەڕاستی زستان و سەری ساڵی زاینی و یادی لە دایكبونی عیسایە، بێگومان لەم كاتەشدا شار دەجمێ وپڕ و جەنجاڵ دەبێت لە جووڵە لەبەر ئەوە مەبەستی نوسەر جەنجاڵی و گەرم وگوڕی خەڵكەكەیە ئەوەندەی مەبەستی ئارەقەكردنەوەی شار بێت، لێرەشدا چەند نمونەیێكی تر دەخەینە ڕو:

(( -شەوانە گوێ لە بێ دەنگی دەگرم))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٩).

(( -مەرگ نەدەهات، چونكە زۆر شیرین و فریادڕەس بوو))(حەسەن، ٢٠١٥: ٢٦).

(( -مەرگ فریام بكەوە، ژیان كوشتمی))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٧).

**٢.٢ : شیعرییەتی دەستنیشانكردن (شعریة تحدید):**

دەستنیشان كردن ئەركێكی دیكەیە لە ئەركەكانی هاوەڵناو، كە دەخرێتە پاڵ ناوێک و دەستنیشانی دەكات كە بریتییە لە ((دیاری كردنی شتێك لە نێوان كۆمەڵێ شتدا، كە ئەم دیاریكردنەش بە زیادكردنی وشەیێک یان چەند وشەیێكی تر بۆ ناوی ڕەگەزەكە دەبێت، ئەم وشە زیادكراوانەش پێیان دەڵێن دەست نیشانكەر، ئەمەش یەكێكە لە پێوەرەكانی زمانی ئاسایی لادانیشە لەم پێوەرە، كە شێوەیێكە لە شێوەكانی لادانی واتایی))(حسێن، ٢٠٠٨: ٢٨٠) و دیارترین دەستنیشانكەر هاوەڵناوەكانن و لێرەشدا باس لە شیعرییەتی هاوەڵناو دەكەین بەو پێیەی یەكێكە لە هەرە دیارترین دەستنیشانكەرەكان، بە كورتی ئەگەر بپرسین دەستنیشانكردن چییە؟ دیاریكردنی

سنورەکانی شتێکە لەنێو کۆمەڵێک شتدا و لەیەکتریشیان جیا دەکاتەوە، بە واتاییەکی سادەتر دەستنیشانکردنێکی ڕوونە بۆ شتێکی مەبەست، کاتێک ڕوبەڕوی چەندین شت دەبینەوە، ئەمجۆرە دەستنیشانکردنە بەسەر ناوە تایبەتییەکاندا (اسم علم) ناکرێن و خۆیان دەستنیشان کراون (کوهن، ١٩٨٦: ١٣١).

هاوەڵناو لە دیارترین کەرەستەی دەستنیشانکردنە کە ناوی ڕەگەزێک لەنێو کۆمەڵێک ناودا دیاردەکات و جیای دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تاوەکو هاوەڵناو ئەرکی دەستنیشانکردنی خۆی بەجێ بهێنێت دەبێ:-

١ – بەسەر بەشێکی ناوەکە جێ بەجێ ببێت.

٢ – بەسەر بەشەکانی تری ناوەکە جێ بەجێ نەبێت.

٣ – ئەگەر بەسەر هیچ بەشێکی ناوەکە جێ بەجێ نەبو یاخود بەسەر هەمو بەشەکانی ناوەکە جێبەجێ بو بە ناوێزە(شاذ) دادەنرێت. (کوهن، ١٩٨٦: ١٣٥)، کە دەڵێن بەسەر بەشێکی ناوەکە جێ بەجێ دەبێت، واتە سیفەتێکی دیاریکراو لە نێو خۆی چەند سیفەتێک دیاریدەکات، بۆ نمونە کە دەڵێین (ئاوی گەرم) لێرەدا هاوەڵناوی (گەرم) دەستنیشانی ناوی (ئاو)ی کردووە، بەڵام تەنها بەسەر بەشێکی ناوەکە جێبەجێ بووە،چونکە تەنها (ئاوی گەرم) نییە، بەڵکو ئاوی (سارد وشڵەتێن)یش هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش (جان کۆهین) بۆ مەسەلەی دەستنیشانکردنی ناو بەهۆی هاوەڵناوەوە هاوکێشەیێکی دیاریکردووە، کە لەگەڵ دیاریکردنی بەشێکی ناوەکە دەگونجێت و جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵێک سیفەتی تر، کە ناوەکە هەڵگریانە بەمشێوەیە:-

أ X ب = س ، بەو پێیەی کە س < أ (کوین، ١٩٩٠: ١٤٣).

بۆ نمونە نوسەر (شێرزاد حەسەن) لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) دەڵێت: ((هەوری ڕەش و سوور تێکەڵی ئەم ئێوارەیە دەبوون))(حەسەن، ٢٠١٧ :٤).

ئەگەر لە دەستەواژەی (هەوری ڕەش وسوور) بڕوانین دەبینین بەهۆی هەر دوو هاوەڵناوی (ڕەش) و(سوور) دوو جۆر لە هەوری بۆ دیاریکردوین، ئەگەر لە هەردو هاوەڵناوەکە وردببینەوە دەبینین تەنها بەسەر بەشێکی ناوەکە جێ بەجێ دەبێت، چونکە جگە لە هەوری ڕەش و سوور، جۆری (سپی وشین)یشمان هەیە، بۆیە بە لادانێکی دەلالی دادەنرێت و جۆرە شیعرییەتێک بە دەق دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر هاتو هاوەڵناوەکە بەسەر ناوە دەستنیشانکراوەکە جێ بەجێ نەبوو ئەوا بە لادانیکی بەهێز دادەنرێت و شیعرییەتەکەی لە هەمو جۆرەکانی تری شیعرییەتی هاوەڵناو بەهێزترە، بۆ نمونە نوسەر لە ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە) دەڵێت: ((لە ژێر بمیچی هەورێکی مەییوی ڕەنگ قوڕاوی))(حەسەن، ٢٠١١: ١٤)، بە هیچ شێوەیێک هەوری ڕەنگ قوڕاوی بونی نییە، بۆیە بە لادانێکی بەهێز دادەنرێت و ڕاددەی شیعرییەتەکەی گەلێ بەرزە، چونکە کەلێنی واتایی زۆر فراوانە لە نێوان هاوەڵناوی (قوڕاوی) وناوی (هەور)دا.

جۆرێکی تر لە هاوەڵناو کە بە ناوێزە لە قەڵەم دەدرێت ((بەڵام ناوێزەییەکەی لە هوشەکاری (حشو)ەکە دایە))(خۆشناو، ٢٠١٠: ٢٣٢)، ئەمجۆرەی هاوەڵناو ((بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوتر کار دەکات، واتە نەک بەسەر هیچ بەشێکی ناوەکە جێبەجێ نابێ و ناگونجێ، بەڵکو بەسەر تەواوی ناوەکە جێبەجێ دەبێ، کەچی بە لادانێکی بێهێز دادەنرێت، چونکە سیفەتێکی ئاسایی ناوەکەیە و بە هیچ شێوەیێک لێی نابێتەوە، وەک (بەفری سپی)، کە هەمو خەڵک دەزانێ بەفر سپییە و پێویست بە هاتنی ناکات لە تەک ناوی بەفردا، بەڵام لادانەکە لە هاتنی دایە لە پاڵ ناوە دەستنیشانکراوەکەوە و بە جۆرێک لە درێژبڕی دادەنرێت، بەڵام درێژبڕێیکی جوان، بۆیە بە زیادە (حشو) دادەنرێت))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٥)، بەڵام هاوەڵناوی شێوە (حەشو – نعت) ((تایبەتمەندییێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر و شیعرییەتێک بە دەق دەبەخشێت))(کوین، ٢٠٠٠: ١٦٥)، بۆ نمونە لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)دا دەستەواژەی ((مەرگی کوشندە))(حەسەن، ٢٠١٥: ٣٠)مان بەرچاو دەکەوێت، کە هاوەڵناوی (کوشندە) وەسفی ناوی (مەرگ)ی کردووە، کە هەمومان دەزانین (مەرگ) کوشندەیە، بۆیە (کوشندە) بە هاوەڵناوێکی زیاد دادەنرێت کە دەتوانرێت لابرێت، بەڵام شیعرییەتەکەی لە هاتنیدایە، بۆیە بە هاوەڵناوی (حشو) لە قەڵەم دەدرێت و هاوەڵناوی ((شێوە نەعت بە هوشەکاری (حشو) دادەنرێ، چونکە بە لابردنی واتا تێکناچێت، بەڵکو زیاد بونی واتاییێکە لە شێوەی گەمەکردن بە زمان و دەسەڵاتی نوسەر بەسەر دەربڕینەکان دەسەلمێنێ))(خۆشناو، ٢٠١٠: ٥٣٣)، نوسەر لە شوێنێکی تری هەمان ڕۆماندا دەڵێت: ((ڕەنگی سپی بەفر کە هەموو شتێک بە سیپاڵێکی سپی دادەپۆشێت))(حەسەن، ٢٠١٥: ٧٨)، هاوەڵناوی (سپی) زیادەیە، چونکە هەمو خەڵک دەزانێت کە بەفر سپییە، بەڵام جوانی دەربڕینەکە لە هاتنی دایە، لە شوێنێکی تری هەمان ڕۆماندا دەڵێت: ((چنگێک ئاردی زۆر سپی))(حەسەن، ٢٠١٥: ١٣٦)، بەهەمان شێوە هاوەڵناوی (سپی) زیادەیە، چونکە وشەی (ئارد) خۆی سپییە، لە ڕۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)شدا دەڵێت: ((شینایی ئاسمان))(حەسەن، ٢٠١١: ٥١)، ئەوەی ئاشکرایە هاوەڵناوی (شین) زیادەیە و بە جۆرێک لە (حەشو – نعت) دادەنرێت، چونکە ئاسمان شینە و پێویست بە هاتنی ناکات، بەڵام جوانکاری و شیعرییەتی دەربڕینەکە لە هاتنیدایە.

### ٢.٣ : شیعرییەتی هاوەڵناوی وەرگەڕاو (مقلوب):

وەک لە بەشەکانی پێشەوەدا ئەوەمان ڕوونکردەوە کە هاوەڵناو وەسفی ناو دەکات و دەستنیشانیشی دەکات بە گوێرەی یاسا سینتاکسییەکانی هەر زمانێك شوێنی هاتنی هاوەڵناو لەبونیادی ڕستە و دەستەواژەدا دەگۆڕێت ، لە زمانی کوردیدا بە شێوەیێکی گشتی دەکەوێتە دوای ئەو ناوەی کە دەستنیشانی دەکات، بەڵام حاڵەتی تر بەرچاو دەکەون کە هاوەڵناو وەپێش ناوە وەسفکراوەکە یاخود دەستنیشانکراوەکە دەکەوێت، بەڵام ئەم حاڵەتەیان زۆر دەگمەنە و زیاتر بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو بەکار دێت، کە حاڵەتێکی ئاساییە و قسەکەر لە سەری ڕاهاتووە و بە لادان هەژمار ناکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو جۆرە هاوەڵناوانەی کە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە دوای ناوە دەستنیشانکراوەکەوە دێن و نوسەر یاخود شاعیر بە ئەنقەست دەیانهێنێتە پێش ناوە وەسفکراوەکە، بەمەش جۆرە بەزاندنێک لە یاسا سینتاکسییەکان دادەنرێت و بە جۆرێک لە لادان دەژمێردرێت کە (جان کۆهین) ئەم دیاردەیەی بە (وەرگەڕان – القلب) داناوە، بە جۆرێک لە لادان دادەنرێت و لەسەر ئاستی زمانی شیعریی زیاتر ڕودەدات، بۆیە بە دیاردەیێکی جیاکەرەوەی شیعر لە ناشیعر دادەنرێت (کوهن، ١٩٨٦: ١٨٠ – ١٨٢)، کە جۆرێک لە شیعرییەت و ئیستاتیکا بە دەستەواژە و ڕستەکان دەبەخشێت، چونکە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر هەڵدەگەڕێنێتەوە، بۆ نمونە لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند) دەستەواژەی ((زێدە جەرگم))(حەسەن، ٢٠٠٣: ٩٨)مان بەرچاو دەکەوێت کە لە بنەڕەتدا هاوەڵناوی (زێدە) دەکەوێتە دوای جەرگ، کەچی نوسەر هێناویەتییە پێش ناوەکە، بۆیە بە هاوەڵناوی وەرگەڕاو دادەنرێت، لە ڕۆمانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp181-192

(پێدەشتی کارمامزە کووژراوەکان)یشدا دەستەواژەی ((نەرمە غار))(حەسەن، ٢٠١٧: ١٠) بەرچاو دەکەوێت لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیێکی تریش دەکەین:

(( -نەرمە بارانەکە))(حەسەن، ٢٠١٧: ٢٣).

(( -پیسکە پیاو))(حەسەن، ٢٠١٧: ٤٦).

(( -شلکە پێکەنین))(حەسەن، ٢٠١٧: ٩٦).

(( -لەو شیرین خەوەدا))(حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠١)

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین و لێرەدا بە کورتی بە چەند خاڵێك دەیانخەینە ڕو:

- بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن (ناو، هاوەڵناو، کار) ڕۆڵی گەورەیان لە سازاندنی شیعرییەتی دەقی ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن) گێراوە، بەڵام هەر یەکەیان بە پلە و ڕێژەی جیاواز.
- زمانی ڕۆمانەکانی (شێزراد حەسەن) زمانێکی زۆر شیعرییە و گشت ڕۆمانەکانی ئاونگی شیعرییەتیان لێ دەتکێت، جگە لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)، بە تایبەتی لە دوای (١٥٠) لاپەڕەی یەکەمی هەست دەکەین ئەو زمانە شیعرییەی کردووە بە قوربانی ئایدیۆلۆژیا و ئاستی شیعرییەت تێیدا زۆر دابەزیوە.
- (ناو) ڕۆڵێکی کاریگەری لە بونیادنانی شیعرییەتی گشت ڕۆمانەکانی نوسەر گێڕاوە ، بە تایبەتی لە بونیادنانی وێنە هاودژەکان (الصور التنافرية – Oxymoronic images).
- ڕۆڵی (هاوەڵناو) لە گشت بەشە سەرەکییەکانی تری ئاخاوتن لە بونیادنانی وێنە لە یەک دور و هاودژەکان زیاترە ، بە تایبەتی وێنە واتا گۆڕەکان.
- هاوەڵناوی (وەرگەڕاو) بە ڕێژەیێکی زۆر بەرچاو دەکەوێت و ڕۆڵی لە بونیادی زمانی شیعری بە تایبەتی وێنە واتاگۆرەکان گێڕاوە.

**سەرچاوەکان:**

حەسەن، شێرزاد، ٢٠٠٣، تەمی سەر خەرەند، چ١، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

حەسەن، شێرزاد، ٢٠١١، ژنێک بەسەر منارەوە، چ١، دەزگای ڕەنج، سلێمانی.

حەسەن، شێرزاد، ٢٠١٥، دوا شەوی دابەزینی عیسا، چ١، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

حەسەن، شێرزاد، ٢٠١٧، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

حسێن، جەبار ئەحمەد، ٢٠٠٨، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ – ١٩٧٠)، چ١، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

خۆشناو، هێمن عومەر، ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

محمد، د.محمد بکر، ٢٠٠٧، دژە دەق دوالیزمی (ڕێڕەو) لە دەقی شیعریدا – دەقی (دەردێمە)ی (ئەحمەدی خانی) وەک نمونە، گۆڤاری زانکۆ، ژ(٣٤).

مستەفا، خەلیل ئیبراهیم، ٢٠٠٩، شیعرییەتی دەق بە نمونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

مەلا، مەهدی محەممەد، ٢٠٢١، شیعرییەت لە (کاریزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین.

ابو ديب، كمال، ١٩٨٧، في الشعرية، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان.

بركة، فاطمة الطبال، ١٩٩٣، النظرية الألسنية عند رومان جاكبسون – دراسة ونصوص، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

بوحوش، د.رابح، ٢٠٠٧، اللسانيات وتحليل الخطاب، ط١،

الرواشدة، أميمة عبدالسلام، ٢٠٠٤، شعرية الأنزياح – دراسة في تجربة محمد علي شمس الدين الشعرية، أمانة عمان، عمان.

عليمات، د.يوسف، ٢٠٠٤، جماليات التحليل الثقافي – الشعر الجاهلي نموذجا، ط١، دار الفارض للنشر والتوزيح، عمان، الاردن.

عياشي، د.منذر، ١٩٩٠، مقالات في الأسلوبية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

كورک، جاكوب، ١٩٨٩، اللغة في الأدب الحديث – الحداثة والتجريب، تر: ليون يوسف وعزيز عمانوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد.

كوهن، جان، ١٩٨٦، بنية اللغة الشعرية، تر: محمد الولي ومحمد العمري، ط١، دار طوبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب.

كوين، جون، ١٩٩٠، بناء لغة الشعر، تر: د.احمد درويش، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة.

كوين، چون، ٢٠٠٠، النظرية الشعرية – بناء لغة الشعر واللغة العليا، تر: د.احمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

ناظم، حسن، ١٩٩٤، مفاهيم الشعرية (دراسة مقارنة في الاصول والمنهج والمفاهيم)، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.

وغليسي، د.يوسف، ٢٠٠٨، اشكالية المسطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، ط١، منشورات الأختلاف، الجزائر.

ويس، د.احمد محمد، ٢٠٠٢، ثنائية الشعر والنثر في الفكر النقدي – بحث في المشاكلة والأختلاف، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

ياكبسون، رومان، ١٩٩٨، قضايا الشعرية، تر: محمد الولي ومبارک حنون، ط١، دار طوبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب.

قطوس وربابعة، بسام وموسى، ١٩٩٤، الأستعارة التنافرية في نماذج من الشعر الحديث، مجلة مؤتة للبحوث والدراسات، المجلد ٩، العدد ١، الأردن.

Guddon, J.A, 1982, A Dictionary Of Literary Terms, Penguin Books.